# کاریگەریی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، لەسەر ئاوازی ناوەوەی شیعر (لادانی دەنگی) بەنموونە (کرمانجی ناوەڕاست - ١٩٩١-٢٠٠٣)

**کامران ابابکر خضر**

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، شەقڵاوە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

لەمێژوی هاوچەرخماندا ڕاپەڕین وەرچەرخانێکی مێژویی گرنگبو، یەکەمین زەنگ و پرووشکی ڕاپەڕینیش؛ لە (٥)ی ئازاری ١٩٩١ز)دا، لە سنوری (شاری (ڕانیە/ دەروازەی ڕاپەڕین) دەستیپێکرد، تا (٢١)ی ئازاری ١٩٩١ بە ئازادکردنی کەرکوک کۆتاییهات، دواتر ئەمە بوە هۆی بەدەستهێنانی ئازادی و دامەزراندنی پەرمان و زۆربونی چاپ و چاپەمەنی و گۆڕانکاری لە هونەر و بەرهەمی ئەدەبی، لەوانە" (فۆرم و مەبەست)ی شیعریی.

ئاوازی ناوەوەی شیعریش یەکێکە لەوانە، کە بنەماییەکی سەرەکی و بنەڕەتییە لە شیعر بەگشتی و پەخشانەشیعر بەتایبەتی، بۆیە هیچ شیعرێک لە ئاوازی ناوەوە خاڵی نییە، کە ئەویش خۆی لەدەنگ و پێکهاتەکانەکانییدا دەبینێتەوە، یەکانگیرە لەگەڵ ئاستەکانی تری زماندا، چونکە یەکەمین ڕواڵەتی دەقبون، بەهەمو شێوازەکانییەوە لە(دەنگ) پێکدێت، هەریەکە لە دەنگەکانیش بەرجەستەکاری ئاواز و نەوایەکن، بۆیە ئاوازی جیاوازیش دروستدەکەن.

(ئاوازی ناوەوە) قاڵبێکی دیاریکراو ئامادەی نییە، بەڵکو پەیوەستە بە دەرون؛ (هەڵچون و سۆزەکان)ی تاک بەپێی کات و حاڵەت و شوێن دەگۆڕێن، بۆیە ڕەخنەگران و شێوازناسان؛ بۆ دیاریکردنی (ئاوازی ناوەوەی شیعر)، پەنا بۆ چەند ڕەگەز و پێکهاتەیەک دەبەن، لەوانە: دوبارەکردنەوەی (دەنگ، چەپکە دەنگ، وشە....) جۆر و شوێن و شێوەی پێکهاتنی لە هەردو (ئاستی ئاسۆیی و ستونی)، هونەرەکانی تری وەک: (دژیەک: بەجۆرەکانییەوە)، ئەمە سەرەڕای (لادانی دەنگی)یەکان، ڕۆلی بەرچاویان لە دروسبونی ئاوازی ناوەوەی شیعردا هەیە.

بەهۆی ئەو بارە دەورونییەی، گەلی کورد بەگشتی و چینی ڕۆشنبیر و شاعیران لەپێش ڕاپەڕین تێیدابون، دوای ڕاپەڕین جۆرە ئازادییەک بەدیهات و زۆر لە کۆت و بەندەکان شکێنران، ئەمەش بوە مایەی گەشبینی و ئاسودەیی لای تاکی کورد، وایکرد شاعیران بەرەو خۆنوێکردنەوە و گۆڕانکاریی لە قۆناغی شیعری پێش خۆیان هەنگاوبنێن و داوای ئازادی لەکۆت یاساکانی شیعر بکەن و شیعریش بە ئازادی و دور لە قاڵبێکی دیاریکراو ببەستنەوە، لەلایەکیتر ئەمە هەر زۆری نەخایاند، بەهۆی شەڕی نەگریسی ناوەخۆ، جارێکیتر دەرونی تاکەکانی کورد تژی بون لە ڕەشبینی، بێئومێدی و نامۆیی، شاعیرانیش بەشیعرەکانییان گوزارشتیان لەم بارودۆخە دەرونییە وێرانە کرد، کە بەهۆی ئاواز و ئاوازەیی ناوەوەی شیعرەکان هەستی پێدەکرێت، چونکە وەکو گوترا: ئاوازە و ئاوازی ناوەوە ڕاستەوخۆ بەدڵ و دەرون گرێدراوە.

## کلیلە وشەکان:

ڕاپەڕین، ئاوازی ناوەوە، لادانی دەنگی، کرتاندنی دەنگ، دەنگگۆڕکێ.

## Article Info:

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(1).Paper3
**Received:** 14-February-2022
**Accepted:** 09- March -2022
**Published:** 20-March-2022
**Corresponding Author E-mail:**
kamaran.khudhur@su.edu.krd
**Copyright**©2022 Journal of Raparin University.

## پێشەکی:

بەپێی بیروبۆچونی زۆربەی شارەزایانی ئەدەبناسیی، شیعر دێرینترین هونەرە لە هونەرەکانی ئەدەب، شیعریش بەو هەمو بزێوی و ئەدگارە مەعنەوی و نمونەیەیی هەیەتی توانیویەتی و دەتوانێ ببێتە پرچێژترین خۆراکی ڕوحی مرڤەکان بەگشتی و بەتایبەتیش بۆ ئەوکەسانەی لەزمان و ئاماژە دەرونییەکانی تێدەگەن، بۆیە لێکۆڵینەوە لە دەقی ئەدەبی بەگشتی و شیعر بەتایبەتی، کارێکی مەبەستدارە و کۆمەڵێک ئامانج و مەبەست لە خۆدەگرێت، شێوازیش وەکو زانستێکی سەردەم کاردەکات لەسەر بونیاتی زمانی دەق لە لایەنەکانی (دەنگی و پێکهاتەیی و واتایی)، ئەم توێژینەوەیەش هەوڵێکە بۆ پشاندان و دەرخستنی شێوازی شیعری هاوچەرخی کوردی لەئاستی دەنگی و ئاوازییەوە.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە؛ (کاریگەریی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لەسەر ئاوازی ناوەوەی شیعر (لادانی دەنگی) بەنموە – (کرمانجی ناوەڕاست/ ١٩٩١–٢٠٠٣).

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:** هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە گرنگیی بابەتی ئاوازی شیعریی لەلایەک و ئەو گۆڕانکارییە دەنگییانەی کە لە دوای ڕاپەڕین بەسەر فۆرمی شیعری هاوچەرخی کوردی هاتون.

**گرنگی توێژینەوەکە:** بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی گرێدراوەتە ئەم چەند خاڵە:

١.لە بەشی پراکتیکییەکەییدا هەوڵدراوە سود لە زۆرترین دیوانە شیعرە چاپکراوەکانی (ناوەوەی کوردستان و دەرەوەی کوردستان) وەربگرێت.

٢. هاوتا لەگەڵ کاریگەریی دەنگی نێرینە لە ڕەوتی شیعری کوردییدا، ئاوڕدانەوەیەکی جدیشە لە دەنگ و شێوازی شیعری ژن– ژنانەی کوردیی ئەم قۆناغە، کە لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوتر تایبەت بەلایەنی شێواز و ئاوازدا فەرامۆشکراون.

٣. هەوڵداوە باشترین نمونە لە (لادانی دەنگی) ئاوازی ناوەوە بۆ هەر مەبەستێک، لای شاعیرێک لە شیعری قۆناغەکە دەستەبژێر بکرێت.

**سنوری توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە تایبەتە بە بواری شێوازیی قۆناغێک (دوای ڕاپەڕین ١٩٩١–٢٠٠٣) و لایەنی (ئاوازی ناوەوەی شیعر)ی بەهۆی (لادانی دەنگ) و گەمە دەنگییەکان تەرخانکراوە، لەوێش نمونەی پێویست لە سنوری (شیعری هاوچەرخی کوردی لە باشوری کوردستان – کرمانجی ناوەڕست) وەردەگیرێن.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** کارکردن لەبارەی لایەنی شێوازی و تایبەت (ئاستی دەنگسازی)ی، کارکردنە لە سەر بنیاتی زمانی شیعریی (گۆشەی دەق) لەڕوی پێکهاتە دەنگییەکان، بۆیە بنەڕەتی ڕێبازی ئەم توێژینەوەیەش، ڕێبازی (وەسفی و شیکاری)یە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** بەگشتی توێژینەوەکە لە پێشەکی و دو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەیەک بە (زمانی کوردی و ئینگلیزی) پێکدێت؛ بەشەکانیش بەم شێوەیەن:

**بەشی یەکەم**: باس لە هۆکار و مەبەستی ڕاپەڕین دەرهاویشتەکانی و بەگشتی و تایبەت ئەدەب و شیعر ئاوازی ناوەوەی شیعر و گرنگی و شێوەی هەبون لە شیعری کوردی بەگشتی و قۆناغی شیعری هاوچەخی کوردیی کراوە و لەوێش ئاوڕ لە ئاوازی ناوەوەی فۆڕمی پەخشانەشیعر؛ وەک فۆڕمێکی بێ کێش و سەروای قۆناغەکە، دراوەتەوە. دواتر بەگشتی باس لە کاریگەریی و پێناوەکانی دەرکەوتن و دروسبونی ئاوازی ناوەوە کراوە، لە نێوانیشان باس لە لادان-گەمەی دەنگی کراوە.

**بەشی دوەم**: بە ناونیشانی (لادانە دەنگی)یە، کە یەکێک لە هۆکارانە دروستبون و دەرکەوتنی ئاوازی ناوەوە، لەوێش باس لە جۆرەکانی ئەو لادانانە کراوە کە بەهۆی دەنگەوە لە وشەدا دروستدەبن، لەوانە: (گۆڕانی دەنگ، کرتاندنی دەنگ: خستنەسەری دەنگ: جێگۆڕکێی دەنگ)، دواتر بەپێی هەر یەک لەجۆرەکانی لادانی دەنگی نمونەی شیعریی لە شیعری قۆناغی دوای ڕاپەڕین (١٩٩١-٢٠٠٣)ی بۆ هێنراوەتەوە و شیکراونەتەوە.

## بەشی یەکەم:

### ١-١: ڕاپەڕینی گەلی کورد لە (١٩٩١ز)دا و هۆکار و دەرهاویشتەکانی:

کاتێک کوردستانی گەورە بەپێی پەیماننامەی (سایکس بیکۆ) لە ساڵی (١٩١٦ز)، لە نێوان دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەوکات: (بەریتانیا و فەرەنسا) مۆرکرا، کوردستان بەسەر چوار وڵات بەشراوە، هەر لەو کاتەوە نەتەوەی کورد لە تەواوی پارچەکانی خاک و نیشتیمانەکەی خۆی توشی چەوسانەوە و ماڵوێرانی و ئاوارەیی هاتوە، بەتایبەت لە بەشی باشوریدا (کوردستانی عێراق)، کە ئەنفال و کیمیاباران و کۆمەڵکوژکراوە، جگەلەوەی چەندین گوند و شار و شارۆچکەی بۆردومان و کیمیاباران و خاپورکراون؛ لەوانە: (بۆردومانکردنی شارۆچکەی قەڵادزێ، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و خاپورکردنی گوندی هەڵەدن و بۆدومانی گوندی ئاقوبانی خوارو، ڕاگواستنی خەڵک بۆ باشوری عێراق و زیندەبەچاڵکردنی گەرمیانییەکان و بارزانییەکان و....)، دواجاریش کۆرەوی بەهاری ١٩٩١بو.

ئەم ستەمە لە تەواوی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق دژ بە گەلی کورد و خاکەکەی کراوە، لەبەرانبەریشدا گەلی کورد و ڕۆڵە نەبەردەکانی سڵییان لەهیچ شتێک نەکردۆتەوە، هەمیشە لە خەبات و تێکۆشان و شۆڕش بەردەوامبونە لە پێناو کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ، لەوانەش، (شورشی نوێ)، کە توانی ببێتە مایەی جۆرێک لە هیوا و ئومێدی خەڵکی کوردستان، ئەمیش بەهۆی ئەوەی کە خەڵکی کوردستان بەهۆی لە (نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٧٤ز) توشی جۆرێک لە بێئومێدی و ڕەشبینی ببو، بەڵام ئەم توانی ئاهێک بەبەر هەناسەی هەمواندا بکاتەوە، ئەویش بەهۆی بەردەوامی و پێداگریی و کۆڵنەدان، لەسەر مافە ڕەواکانی گەلی کورد تا ئاستی بەدەستهێنانی، لە دوروشمی ئەم شۆڕەشەش ئەوە (یان کوردستان یان نەمان)(مام جەلال، ٢٠١٧: ب١، ٢٥)بو.

بەمجۆرە خەڵکی کوردستان بێزاربون لەم شێوە بەڕێوەبردنە زوڵم و زۆری و دڕندەیی و ستەمەی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی بەعس، کەچی تادەهات ڕژێمیش زوڵم و زۆری زیاتری بەرانبەر خەڵک و خاکی کوردستان

ئەنجامەدا، تەناتەت ئەم دڕندەییە بوە مایەی هەڵگیرسانی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران(١٩٨٠-١٩٨٨) و پەلاماری وڵاتی (کوێت)؛ لە (١٩٩٠/٨/٢)، کاتێک سنوری ئەو وڵاتەی بەزاند و داگیریکرد، بەڵام هەرزو وڵاتانی هاوپەیمان: (ئەمەریکا، سعودیە، بەریتانیا، فەرەنسا، سوریا، کەنەدا، قەتەر،......) هاتنە سەرخەت و داوایان لە ڕژێمی بەعسی عێراقکرد کە لەماوەی کورتدا وڵاتی (کوێت) جێبهێڵێت و بگەڕێتەوە سنوری وڵاتی خۆی-عێراق، کەچی ڕژێم ئەمەی جێبەجێنەکرد، بۆیە هاوپەیمانان لە (١٩٩١/١/١٥) جەنگی (گەردەلولی بیابان)یان دژی ڕاگەیاند، بەمەش لاوازی سوپای ڕژێم دەرکەوت، دوای جەنگێکی خوێناوی سوپا پاشەکشەی کردەوە بۆ سنوری خۆی. (بڕوانە: حەسەن، ٢٠١٢: ٢٥)

ئەوەی جێگەی ڕامانە ئەو جەنگانە ببونە مایەی جۆرێک لە لاوازی و بێدەسەڵاتی (سیاسی، سەربازی، ئابوری،...) ڕژێمی بەعس، بەمەش هەلێکی زێرین بۆ گەلانی عێراق بەتایبەتی گەلی کورد لە باشوری کوردستان هەڵکەوت، کە لە بەرانبەر ئەو ڕژێمە سەرکوتکارە ڕاپەڕین و کۆتایی بەداگیرکاری دەیان ساڵە بهێنن، بۆیە گەلانی عێراق بەگشتی و کورد بەتایبەتی لەدژی ڕژێمی عێراق ڕاپەڕین.

ئەم ڕاپەڕینەی لە خاکی عێراق پارێزگا و ناوچە کوردییەکانی گرتەوە، کوردەکان دەمێک بو عەودالّی ئازادی و سەربەخۆی و مافی چارەی خۆنوسین بون، ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخ و ڕوداوە نامرۆڤانە: (ئەنفال و کیمیاران، ڕاگواستن، زیندەبەچاڵ و کوشتنی بەکۆمەڵ/قتل عام،...)ی کە لە ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بەرانبەر خەڵکی سڤیلی کوردی دەکرد، بۆیە ڕاپەڕین لە (٥/ ٣/ ١٩٩١) خاکی کوردستانیشی گرتەوە.

## ١: ٢- ڕاپەڕینی گەلی کورد لە (١٩٩١ز)دا:

ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١)، کە دواتر بە (ڕاپەڕینە مەزنەکە) ناسرا، بریتییبو لە ڕاپەڕینێکی کۆمەڵانی-جەماوەریی خەڵکی باشوری کوردستان، لە دژی ڕژێمی بەعس، بە پاڵپشتی هێزە چەکدارەکانی بەرەی کوردستانی، کە لە چیاکانی کوردستاندا دژ بەرژێم ئۆپەراسیۆنەکانیان ئەنجامدەدا.

لەم ڕوانگەوە یەکەم زەنگ و پروشکی ڕاپەڕین؛ لە کاتژمێر(٩)ی بەیانی، لە (٥)ی ئازاری (١٩٩١ز)دا، لە سنوری شاری (ڕانیە) دەستییپێکرد، لەهەمو لاوە خەڵک ڕژانە ناو کوچە و کۆڵان و شەقامەکان و هەڵیانکوتایە سەر دام و دەزگاکانی حکومەتی بەعس، سەرەتا چەند هاووڵاتییەک شەهید و بریندداربون، بەڵام کۆمەڵانی خەڵک بەمە نەوەستان و نەسڵەمینەوە، تا دەهات ئاگری ناخی تاکەکان زیاتر بەجۆشتردەبو، بەجۆرێک بوە گڕێک؛ کە دار و دەستەی ڕژێمیان لە شارەکان سوتاند و وەدەرنا، بەمەش تا کاتژمێر(٣)ی ئێوارە سەرجەم ڕانیە لە ڕژێم پاککرایەوە، هەمان ڕۆژ چوارقوڕنە و حاجیاوا و دەشتی بیتوێن و سەربازگەی سەرکەپکان ئازادکران، لەو شەڕانەدا زیاتر لە (٥٠) چەکداری ڕژێم کوژران و ژمارەیەکی زۆریش بەدیل گیران، بەڵام مخابن نزیکەی (١٠) هاووڵاتی لەم پێناوەدا گیانی خۆیان بەخشی و شەهیدبون، هەربۆیەش (ڕانیە) ناسناوی (دەروازەی ڕاپەڕین)ی پێبەخشرا.

بەم جۆرە ڕاپەڕین شار بە شار و شوێن بە شوێن بەردەوام بو، تا (٢١)ی ئازاری ١٩٩١ لەپاش ئازادکردنی کەرکوک کۆتایی هات، بەم شێوەیە دامودەزگاکانی ڕژێمی بەعس لە باشوری کوردستان کرانە دەرەوە و سەرجەم هێز و سەربازەکانیان ڕاونران، بەم جۆرە پروشکی ڕاپەڕین هەمو شوێنێکی گرتەوە، گەلانی دیکەی عێراقیش زۆربەی ناوچەکانی خۆیان ڕزگارکردبو حکومەتی بەعسی فاشیست لەسەرەمەرگی لەناوچوندابو.(بڕوانە: مستەفا، ٢٠١٤، ٣٤- ٧٩)، ئەم سەرکەوتنەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەسەر ڕژێمی بەعسدا بوە مایەی تورەیی زیاتری

ڕژێم، بۆیە دوای كشانەوەی هێزەكانی هاوپەیمانان، بوە هەلێك بۆ ڕژێمی بەعس، تاكو هێزەكانی ڕێكبخاتەوە بۆ سەركوتكردنی ڕاپەڕینی سەرشارەكانی باشور و (باكور- باشوری كوردستان) بنێرێت.

بەم هێرشە سەركوتكارانەش زیاتر لە (٤)ملیۆن هاوولاتی كوردیان ناچار بە كۆڕەو بۆ ڕۆژهەلات و باكوری كوردستان كرد، كە بە(كۆڕەوی بەهاری ١٩٩١ز) ناسراوە، كە بەم هۆیەوە چەندین كەسی مەدەنی: ژن و منداڵ و پیر و گەنج و پیاو، بەهۆی سەختی ڕێگا و برسییەتی شەهیدبون، ئەمەش بوە هۆی وروژاندنی كەناڵە جیهانییەكان و بیری گشتی دنیا و نێودەوڵەتی لە بەرانبەر دەربەدەری و برسیبون و مردنی ژن وپیر و منداڵدا.

هەربۆیە لە (١٩٩١/٤/٥ز) بەبڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پەسندكرا، بەمەش؛ ئەنجومەن بەرپرسیارییەتییەكی تەواو لە دابینكردنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی و نیشاندانی نیگەرانی بەرانبەر سەركوتكردنی گەلی كورد هەڵدەگرێت، كەبوەتە هۆی پاڵپێوەنانی ئاوارەكان بەرەو سنورەكان و بە هەڕەشە بۆسەر ئاشتی ئاسایشی جیهانی وەسفی دەكات، دواتر دیاریكردنی هێڵی (٣٦)، ئەوە بو لە (١٩٩١/١٠/٢٣ز) ڕژێم تەواوی دامودەزگانی خۆی لە باشوری كوردستان كشاندەوە، بەمەش شارەكانی سلێمانی، هەولێر و دهۆک ئازادبون. (بڕوانە: مستەفا،٢٠١٤، ڕاپەرینی ١٩٩١، ٢٨٧)

لەم دیدگەیەوە دەستەكەوتەكانی ڕاپەڕین لە چەند لایەنێك بەدیهاتن، لەوانە: مافی دەنگدان و ئازادی، وەک لە (١٩٩٢/٥/١٩ز) هەڵبژادنكرا، دواتر لە (١٩٩٢/٧/٥ز) پەرلەمانی كوردستان دامەزرا، جۆریک لەڕێبەر خۆسەری هاتەكایەوە، ئازادی و ئارامی تاڕادەیەک باڵی كێشا بەسەر ئازا باشوری كوردستان، خەڵك پاش ئەو هەمو ماڵوێرانییەی توشی هاتبو، هیوای هاتەوەبەر؛ بۆیە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار دەركەوتن، باری ڕۆشەنبیری بەگشتی و ئەدەبی بەتایبەتی ڕوی لە بوژانەوە و بەرەوپیشچونكرد، زۆرێكیش لە نوسەرانی كورد كە پێشوتر لەدەست ڕژێم سەری خۆیانهەڵگرتبو بۆ بەشداریكردن لەم پرۆسەی نویخوازیی و نوێبونەوەیە گەڕانەوە و توێشویەكی پڕ لە زانست و مەعریفە و ئەدەبیی ڕۆژهەلاتییان لەگەڵ خۆیان هێنابو، دەنگی ئازادی و ئازادبون چوە ناو بەشێكی زۆر لە بوارەكان، لەوانەش ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی.

كەواتە ڕاپەڕین سەرەتای خەونێک بو، كە بیركردنەوە تیایدا ئازاد بێت، ئەوە سەرەتای دەركەوتنی مۆدیلێكی نوێی ڕۆشنبیر بو، كە وەک دەسەلاتێک بۆ مەعریفە دەركەوت، ئەو مۆدیلە نوێیەی ڕۆشنبیر لەم ڕۆژگارەدا زادەی دۆخی ڕاپەڕین بو، خەونی نەوەی نوێی وابەستەی خۆی دەكرد، بەوەی دەیەوێت بیركردنەوە ئازادبێت و نەبێتە پردێک بۆ لەدایكبونی فاشیزم، كەواتە ڕاپەڕین، وەرچەرخانێكی مێژویی گرنگ بو لە ژیانی ئێمەدا، كە تیاییدا كۆتایی بەو ستەمە سیاسی و نەتەوەییە هێنا، كە ساڵانێكی زۆربو ڕژێمە یەک لە دوای یەكەكانی عێراق، بەرانبەر بە كورد پەیڕەویان دەكرد..(شێخ، ٢٠٠١، ٧٨)

لەم سۆنگەوە كە باسی كاریگەری و دەرهاوێشەكانی (ڕاپەڕین) دەكەین، ئەوا لە هەمو ڕوییێكەوە دیدگامان بەر قۆناغێكی جیاواز دەكەوێت، كە جیاوازی و دابڕانێكی مێژویی و فەرهەنگی و ژیارییە، لە قۆناغەكانی پێشوتر، بۆیە دوای ڕاپەڕین هەر تەنها ڕەهەندێكی مێژویی و سیاسی نییە، بەڵكو ڕەهەندێكی كلتوری و فەرهەنگی و ئەدەبیشی هەیە. چونكە ئەو ئەدگار و فۆرمە ئەدەبی و كلتورییانەی؛ كە كۆمەڵگەی كوردیی دوای ڕاپەڕین پێدەناسرێتەوە، جیاوازن لەگەڵ ئەو سیمایانەی كە لە شێوازی ئەدەبی (پێش ڕاپەڕین) هەن، ئەمەش بە هەمو ژانرەكانییەوە، جا چ لەڕوی فۆرمەوە یان لەڕوی مەبەست و ناوەڕۆكەوە بێت.

بۆیە کاتێک سەیری شیعری دوای ڕاپەڕین(١٩٩١-٢٠٠٣) دەکەین، بە بەراورد لەگەڵ شیعرەکانی قۆناغەکانی پێش ڕاپەڕین، جگە جیاوازی لە ڕوە مێژوییەکەیەوە، ئەوە چەندین سیمای شیعری هەر لە گۆڕانی فۆرم و ناوەڕۆک بگرە تا (زمانی شیعریی و لەڕوی فەرهەنگی وشە و شێوازی بەکارهێنانی) و (وێنەی شیعریی و لەڕوی جۆر و شێوازی بەکارهێنانی) و (تۆپۆگرافیای شیعریی و لەڕوی شوێن و دابەشبونی وشەکان بەسەر پەڕەدا) و (ئاوازی شیعریی و بەهەردو لایەکانییەوە و بە شێوەکانی دروستبونی) و... جیاوازن، بۆیە بەرهەمی دوای ڕاپەڕین زادەی بیری ڕاپەڕین و هەڵقوڵاوی ناخی ڕاپەڕیوانن، (یەکێک لە ڕەگەزەکانی شیعری دوای ڕاپەڕین سەرهەڵدانی (من-خود)ە، ئیتر دەق دەیەوێت گوزارشت لە ڕوحی تاک بکات، نەک ڕوحی میللەت کە لە شیعری شەست و هەفتاکان دەبینرێت)(مەلا، ٢٠١٩: ٩)

بە واتایەکی دی؛ بەگشتی شیعری دوای ڕاپەڕین، ئەزمونێکی خودگەراییە، جیاوازە لەپێش خۆیەتی، کە بابەتییبو، ئەمەش بۆ ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکارییانە دەگەڕێتەوە، کە لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و سایکۆلۆژیی مرۆڤی کورد ڕویداوە، کەواتە زمان و شێوازی شیعریی بەپێی قۆناغەکان گۆڕانی بەسەردا هاتوە، وەک (بابەتاهیر، خانی، نالی)، دواتریش شیعری نوێی کوردی گۆڕانیان بەسەر زمان و شێوازدا هێنا، وک (گۆران، دیلان، کامەران)، یان شیعری هاوچەرخ لای ڕوانگەییەکانەوە: نمونە (شێرکۆ بێکەس) شێوەیەکی جیاوازتری لە (گۆران) وەرگرت، بۆیە سیمای شاعیرانی دوای ڕاپەڕین(١٩٩١-٢٠٠٣) شێواز و ناوەڕۆکی جیاوزتریان هەیە لەوانیتر، وەکو فۆرمی شیعریی: (پەخشانەشیعر: ڕۆمانە شیعر و چیرۆکە شیعر) دەهێنێتەناو شیعری کوردییەوە، کە بەهۆی دارِشن و چنینی زمانەوەیە، بۆیە زمان و فۆرمیش هەڵواسراو نییە، بۆیە یەکانگیری لە زمان و فۆرم ڕویداوە، لەوانەش ئاوازی شیعری بەتایبەت بایەخدان بە ئاوازی ناوەوەی شیعر.

لەم دیدگەوە شیعری چارەگی یەکەمی نەوەدەکانی دوای ڕاپەڕین، قۆناغێکی خرۆشاوی سیاسیی پێوەدیارە، چونکە گوزارشت لە ئازادبونی مرۆڤی کورد دەکات، پێش ڕاپەڕین، خەمی شاعیرانی ئێمە زیاتر خەمی گشتی بوە و کەمتر باسی ناوەوە و دەرونی مرۆڤیان کردوە، بۆیە زۆرێک لە دەقەکان لە گۆشەی ئەدەبی بەرگری و خەمی هەموان سوڕاونەتەوە، کەچی دواتر، گوزارشتەکان لە کێشەی گشتییەوە بۆ کێشە خودییەکان دەگۆڕێن و دەبنە ئاوێنەی دەرونی تاک و ناوەوەی مرۆڤ، هەڵبەتە ئەمە لەناو نوسەرە گەنجەکاندا زیاتر ڕەنگدەداتەوە، چونکە دوبارە بەهۆی شەڕی نەگریسی ناوەخۆ ڕۆلەکانمان ئاوارەو سەرگەردان کران، هەر لێرەشەوە جەنگی دەرونێکی نائومێد و مرۆڤێکی سەرگەردان لەناو نوسیندا ڕەنگدەداتەوە و دەستپێدەکات، ئەم شێوازەش لە نوسین، پانتاییەکی گەورە لە بەرهەمە ئەدەبییەکان داگیردەکات، ئەمە سەرەڕای ئەو گروپ (گروپی وێران، جوایەز،..) و کۆمەڵانەی کە بەمەستی نوێخوازیی و نوێکردنەوە لەشیعری کوردی بەهۆی کاریگەریی ڕاستەخۆی ئەدەبی ئەوروپی و ئەو ئازادییە دوای ڕاپەڕین هاتەکایەوە دەرکەوتن، وەلێ دیسان ئەمانیش بەهۆی ئەم بارە نەخوازراوەی کوردستان توشی جۆرێک لە ڕەشبینی و دارِمانی هزری هاتن.

لەلایەکیتر؛ ئەگەر جاران ئەو شاعیرانی پیاو بەرگرییان لە مافی ژن دەکرد و شیعرییان بۆ بابەتە دەرونی و کۆمەڵایەتی و.. دەهۆنییەوە، کەچی قۆناغی بە دەنگهاتنی ژنان خۆیان هاتەکایەوە، نمونەیان لە قوناغی هەشتاکان زیاتربو. هەربۆیە ئەم گوزارشتە دەرونییانەی شاعیرن، سیما و شێوازێکی تایبەتیدا بە ئاوازی ناوەوەی شیعری قۆناغی دوای ڕاپەڕین(١٩٩١-٢٠٠٣ز).

## ٢ – ١: ئاوازی ناوەوەی شیعر:

ئەگەر ئاواز لە شیعردا پێویستییەکی شیعرییەت بێت، ئەوە ئاوازی ناوەوە خۆی لە دوتوێی ئەو دەنگ و وشە و دەستەواژە و دێر و نیوەدێرانەدا دەبینێتەوە، کە لە گۆکردندا دەردەبڕدرێن و لە نوسینی شیعردا بەرجەستە دەبن، گەر لە ڕەخنەی کۆندا ئاواز بەهۆی (کێش و سەروا)وە دەرکەوتبن و بە ڕەگەزی سەرەکی دانرابن، بەڵام لە ڕەخنەی نوێدا (ئاوازی ناوەوە) بەرهەمهێنەری شیعرییەتە و کێش و سەرواش ئەم گرنگییەی جارانی نامێنێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی چەند ڕێباز و مێتۆدێکی دیکەی ڕەخنەیی و ئەدەبی.

بەواتایەکی تر هەرچەندە زاراوەی ئاوازی ناوەوە لە بەرهەمە کۆنەکاندا نابینرێت، بەڵام ناکرێت گومان لە هەبونی ئاوازی ناوەوەی شیعر بکرێت، تەنانەت بە (باشترین ڕێگا دەدەنرێت بۆ دەربڕینی هەست و سۆزی نوسەر)(الجنابي، ب.د.ت.: ١٠٧)، ئاوازی ناوەوەی شیعریش خۆی لە گرێدان و ڕێککەوتنی ئەو دەنگانەدا دەبینێتەوە، کە لە وشە و ڕستەدا دەچنە پاڵ یەکتر و دوبارە و چەند بارە دەبنەوە، یان پێکەوە گونجاندنی (ئەو ڕوبەڕە دەنگدار و بێدەنگانەیە یان ئەو پیت و یەکە فۆنەتیکییانەیە، کە ناچنە ناو چوارچێوەکانی کێشناسی و ڕیتم ناسی تەقلیدییەوە) (محەمەد، ٢٠٠٨: ١٨٩)، چونکە ئاوازی ناوەوە پێوەرێکی دیاریکراو و پێش وەختە بۆ بنیاتە ئاوازەییەکە نییە، بەڵکو پەیوەستە بە لایەنی هەست و نەستی تاک – شاعیر و ئەو بارەدەرونی و ویژدانییەی، کە شاعیر تێیدا شیعرەکەی لێوە بەرهەمهێناوە؛ ئەمەش وادەکات، کە ئاوازی ناوەوە ڕاستەوخۆ گرێبدرێتە ناوەوەی خودی تاک و هەڵچونەکانی: (خۆشی و ناخۆشی)، وەک دەشزانرێت؛ کە هەڵچونەکان نەک هەر لە تاکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازن، بەڵکو لەلای تەنها تاکێکیشەوە لە بارێکەوە بۆ بارێکی دی و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دی جیاوازدەبن، سەرەڕای جۆر و مەبەست و ڕادەی هەڵچونەکان، هەر بۆیە سیستەمێکی دیاریکراو و یاسایەکی نەگۆڕ بۆ هاتنی ئەم ئاوازە لە ئارادانییە، وەکو لە (کێش)دا هەبو.

بەواتایەکی دی ئەو بنەما و پێکهاتانەی کە لە ئاوازی ناوەوە بەشدار دەکەن بەپێی جۆری دەق و کەسێتی نوسەر و بارودۆخی بابەتەکە – بنیاتی بابەتەکە گۆڕانکاری بەسەردادێت، ئەمەش وادەکات ئاوازی ناوەوە پەیوەست نەبێت بە بنەمایەکی دیاریکراو و ئامادەکراو، لەم ڕوانگەوە شاعیر و نوسەر ئازادییەکی ڕەهای لە دەربڕینی هەست و نەستی بەدەستدەهێنێت، هەروەک (گۆران) دەڵێت: (ئەگەر پێویستی وەزن و قافییە لە کایەدا نەبوایە، نیاز و مەبەستی دڵ زۆر بە ئاسانتر و ڕەوانتر ئەدرکا) (پیربال، ٢٠٠٥: ١٤٢)، واتە کێش و سەروا لە کۆندا کۆتێک بون لە زەندی هەست و سۆزکراون .

لەم سۆنگەوە (ئاوازی ناوەوە) بریتیین لەو ترپانەی کە لەکاتی خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکاندا هەستی پێدەکرێت، کە لە شیعری کلاسیکی بەتەفعیلە و کێشی عەروز دەپێورا، بەڵام لە شیعری هاوچەرخ زیاتر بە دوبارەبونەوەی دەنگەکان پەیوەستە، هەربۆیە (زاراوەی ئاوازی ناوەوەی هەڵبەست زاراوەیەکی نوێیە و لە بەرهەمە ڕەخنەییە کۆنەکاندا کەمتر بەدی دەکرێت (عەلی، ١٩٩٨: ٨٦)، کە خۆی لە نەغمەی لێکدان و پێکەوەگونجان و پاش و پێشکردنی دەنگەکان و جێگۆڕکێی وشە و پاش و پێشخستنی بەکارهێنانی هەندێ ئامرازە زمانییەکاندا دەبینێتەوە، ئەم ئاوازە وەکو ئاوازی دەرەوە نییە، کە بنەمایەکی چەسپا و جێگیری هەبو، بۆیە زۆرێک لە ڕەخنەگر و توێژەران (فۆڕمی پێشوەختە و ئامادەکراو بە خیانەت لە شیعر و مەبدەئی شیعری دادەنێن. (کۆدۆ، ٢٠٠٦: ١٣٠) هەربۆیە گوناح ئەوەیە کە کێش و سەروا بکەین بە هەڵومەرجی سەرەکی لە شیعردا.

بۆ ئەمەش چەندین دیاردە بەشداری لە دروستکردنیدا دەکەن و دەبنە پێکهێنەری بنیاتی ئاوازەی ناوەوەی دەقەکە، کە ئەمەش بێ پێشینەیەکی نەگۆرە، چونکە هەر شیعرێک (شاعیر چوارچێوەی بۆ دیاری بکات شیعرێکی سەقەت و پەککەوتە دەردەچێت، بەڵام ئەگەر شیعرەکە خۆی چوارچێوەی بۆخۆی دیاریکرد، وەک ئەوە وایە لەبارانەوە ڕوبارێک دروست بێت و ڕوبارەکەش خۆی دەزانێت بەکوێدا دەڕوات) (سلیمان، ٢٠١١: ٣٥- ٥٠) و بەکوێدا ناڕوات، چونکە شیعر بۆ دۆخی دەرونی و و وروژاندنی گیانی لەنێوان مەوداکاندا دێت و دەچێت، دۆخی دەرونیش بەشێکە لە وزە زیندو و چالاکەکانی زانیاریی، چونکە بینین دەگۆرێت، بەڵام جیهان ناگۆرێت، بۆیە ئاوازی ناوەوە (مۆسیقایەکی نادیار و شاراوەیە بەهۆی هەڵبژاردنی ئەو وشانەی کە شاعیر لە دارشتنی دەقەکەیدا بەکاریاندەهێنێت و ئەو گونجاندن و ڕێککەوتنەی لەنێوان پیت و وشە و هەڵبژاردراوەکاندا هەیە پەیدادەبێت) (درویش، ١٩٧٩: ٩٧)

بۆیە لێرەدا شاعیر بۆ بەرهەمهێنانی ئاوازی شیعرەکەی، پلان و بەرنامەیەکی پێشوەختەی وای نییە، کە پەنای بۆ ببات و لە چنینی دەقەکەیدا بەکاریبهێنیت، بەڵکو لەلایەک بەهۆی لەدەستدانی ئاوازی دەرەوە و کە بەشێکە لە قەرەبوی شیعرییەتی ئاوازەیی، لەلایەکی تر هەر ئەم ئاوازە خۆی دەرهاوێشتەی لایەنی دەرونی و ویژدانییە تەنانەت زۆرجاریش شاعیریش بێ ئاگایانە لەو بابەتە جۆرێک ئاواز لە دەقەکەییدا چنراوە. (بڕوانە: اطميش ١٩٨٦: ٣٤٥)و بەواتایەکی تر ئاوازی ناوەوە؛ بریتییە لە ئاوازی دەنگەکان و (لێکدان و دوپاتکردنەوە و پاش و پێشخستنی وشە و بەکارهێنانی هەندێ لە کەرستە زمانییەکان، بەجۆرێک کە زۆرجار لەکێش کاریگەرتر دەبن زۆرجار ئاوازی ناوەوەی شیعرو زمانی شیعری و ئاستی داهێنان و پلەی بەراوردی نێوان شاعیران دیاری دەکات)(مستەفا، ٢٠٠٩: ١٠٧- ١٠٨)

گرینگترین بنەمای بەهێزی ئەم ئاوازەش خۆی لە پەیوەندی و (پێکەوە گونجانی پێکهاتەی نێوان ڕستە و دێر و بەشەکانی دەقەکە و جۆری پەیوەندییەکاندا) (علی، ٢٠٠٥، ٧٦) دەبینێتەوە، لەم ڕوانگەوە مۆسیقای ناوەوە هەژانی ناخی شاعیرە، کە لەڕێگای زمانەوە دەدرکێنرێت و بەرجەستە دەبێت و ئاهەنگ و ترپە و ئاواز بە دەقی شیعری دەبەخشێت، چونکە هەستی شاعیر و باری دەرونییەکەی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئاوازی ناوەوەی شیعر هەیە، باڵادەستی و بەهرەمەندیی شاعیری هاوچەرخیش لەوەدایە کە بە دروستی ئەو ترپە و ئاوازە لەگەڵ واتاکەییدا بەشێوەیەکی ئەندازەیی بهۆنێتەوە و ڕێکیبخات.

بەگشتی لێردە پەیوەندی نێوان شیعر و ئاوازی ناوەوە بەجۆرێکی وا تێکچڕژاون و چونەتە ناویەک، کە هەرگیز ناتوانرێت ئەو پەیوەندییە بپچڕێندرێت و لێکجودابکرێنەوە، بۆیە ئاوازی ناوەوە بە بنەماییەکی زمانی شیعری دادەنرێت، کە بریتییە لە کاتی چونییەکدا گەڕانەوەی دیاردەییەکی دەنگی.

جوانی و ئیستاتیکی لە ئاوازی شیعریی هاوچەرخیشدا پشت بە چۆنیەتی ڕێکخستنی ئەو دەنگ و وشانە دەبەستێت، کە چونەتە ناویەکتری و وشەکان بە شێوازی ڕێکخستنیان و ڕیزکردنی هاوسەنگی دەستەواژەکان بەشێوەیەکی لێهاتو کارامە دەبەستێت، هەبونی ئاوازی ناوەوە لە شیعردا بەشێوەیەکە، (کاریگەری یەکجار زۆری لەسەر گوێگر و خوێنەر هەیە، بەجۆرێک کە وەرگر بەرلەوەی ئاوێزان بێت لەگەڵ لایەنی هزر و بیر و ژیری دەقەکە و درکپێکردنی هۆشی بنیاتی بابەتەکە، ئەو ئاوێزانە لەگەڵ لایەنی دەرونی و هەست و سۆزی دەق، ئەویش زیاتر بەهۆی ئەو دەنگانەوەیە کە هەستی بیستن بەشدارییەکی کارای تێدا دەکات. (علی، ٢٠٠٥: ٧٤)، بەواتایەکی تر ئاواز یارمەتی وەرگر دەدات، کە زوتر کەرستەکانی دەق وەربگرێت و لەهەمانکاتدا خولیایەکی خێراتری بۆ

دروست دەكا، كە ئاسانتر واتایەكە بۆ مێشكی بگوازرێتەوە، چونكە ئاواز زۆجار یارمەتی واتا دەدات، بۆ تێپەڕین بە دیوی ئاستی هۆش و بیركردنەوە و هەستەوەرەكان، هەندێجاریش ئاواز یارمەتی نقومبونی واتا دەدات بۆ چینە سەرەتاییەكانی ڕەهەندی دەرونی و وروژاندنی باری دەرونی و پاڵنەرێكە بۆ خەون و بیركردنەوە و ڕامان، هەمو دەقێكی شیعریش ئاوازێكی ناوەوەی تایبەت بەخۆی هەیە، گەڕان بەدوای ئەم ئاوازەدا پێگەیشتن و هەستكردنە بە ئیستاتیكای دەق قوڵتردەكاتەوە.(حبیب، ١٩٩٩: ٢٢).

## ٢ - ٢ : ئاوازی ناوەوە لە شیعری كوردییدا:

ئەگەرچی ئاوازی ناوەوە لە شیعری كلاسیك – كۆنی كوردییدا بونی هەبوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی كە ڕەگەزی زاڵ بەسەر ڕوخساری شیعریی و ئاوازی شیعرییدا (كێشی عەروز) و (سەروای یەكگرتو) بوە، كە خۆی لە پێكهاتەی ئاوازی دەرەوەدا دەبینیەوە، ئەمەش وایكردوە شاعیران كەمتر لەلایەنی چنینی دەقەكان بایەخ بەم ئاوازە بدەن و توێژەرانیش لەڕوانگەی چۆنیەتی چنینی دەقەشیعرییە كۆنەكاندا، كەمتر ئاوڕیان لە ئاوازی ناوەوەی شیعری بدەنەوە، تەنانەت ئەو (دوبارەبونەوە)یانەی، كە بایەخیشیان پێدراوە، هەمویان كەوتونەتە چوارچێوەی كێشی شیعرەوە، بۆیە ئاوازی ناوەوە تاڕادەیەكی زۆر فەرامۆشكراوە.

لەگەڵ نوێكردنەوەی شیعری كوردی لە چارەگی یەكەم و دوەمی سەدەی بیستەمدا. بەكاریگەری ئەدەبی توركی و ئینگلیزی و گۆڕانی ڕوخساری شیعری لە كێشی عەروزی و بۆ كێشی خۆماڵی و گۆڕانی سەروای یەكگرتو بۆ سەروای هەمەڕەنگ، زیاتر لەجاران بایەخ بە ئاوازی ناوەوەی شیعر درا، چونكە لە (شیعری نوێدا تەنیا ئاواز بەپێی یاسا و بەشەكانی دەرەوە نییە، بەڵكو بەهۆی جوڵە و هاوئاوازی ناوەوەیە، زیاتر لەوەی پەیڕەوی پێوەرێك بكات. (ادونیس، ١٩٨٧: ١٤)، ئەمەش لەلایەك ئازادبون بو لە كۆت و بەندی كێشی عەروز و دەستوری شیعری كلاسیكی– كۆن، لەلایەكی تریش هاتنەكایەی شێوە بەستییەك بو، كە بوە مایەی دەربڕینی هەست و نەست و گوزارشتكردنی شاعیر لەلایەنی دەرونی و سایكۆلۆژی و ویژدانی، كە ئەمەش بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم دەگەڕێتەوە. (بڕوانە هەڤاڵ ئەبوبەكر، شیعری ڕۆمانتیكی)، بەڵام كاتێك شیعری كوردی لە چارێكی سێیەمی سەدەی بیستەم لەژێر كاریگەری ئەدەبی عەرەبی شیعری كوردی بەرەو دوبارە خۆنوێكردنەوە هەنگاوی نا؛ فۆڕمی شیعری نوێتر دەركەوتن، ئەمجارە ئاوازی ناوەوەی شیعر بوە تەوەرێكی سەرەكی و بەشدار لە نوێكردنەوەی ڕەوتی شیعری هاوچەرخ، چونكە پشتیان لە كێش و سەروا كرد و لەبەرانبەر ئەوەشدا دو بەقەد بایەخیان بە ئاوازی ناوەوە دا، هەرچەندە هەبونی سەرواش لەم ڕەوتەدا مەرج نەبو كە لەكۆتایی دێڕەكاندا دوبارە بینەوە، بەڵكو زۆرجار ئەم سەروایانە لە ناوەڕاستی دێڕێكدا دەهاتن و دەبون بە (لكێكی ئاوازەكانی ناوەوەی شیعر و دەنگی شەپۆلە شیعرەكانیان خۆشتر دەكردن،.... ئەمەش لەپێناو دەربڕینی هەستی دڵی شاعیر...)(حەسەن، ٢٠٠١ : ١١٧)

بەواتایەكی تر كاتێك سنوری نێوان ژانرەكان بەزێنران و ژانرەئەدەبییەكان ئاوێتەی یەكتری كران، ئەوا فۆڕمێكی دیكەی شیعری بەرهەمهات هەندێك بە (دەقی كراوە) و هەندێكی تر بە (دەقی ئاوالا) و هەندێكی تر بە (دەقی والا) و هەندێكی تر بە (پەخشانە شیعر) و....، ناوی دەنێن، (ئەم ناولێنانەی كە لەلای هەندێ شاعیر نراوە، زیاتر چاولێكەرییە، وەك هەڵهێنجانی لە ناوەڕۆكی شیعرەكە) (ڕۆوف، ٢٠٠٨: ٦٦٩)، كە خۆی لە ئاوێزانبونی ڕەگەزەكانی شیعر و ڕەگەزەكانی پەخشاندا دەبینێتەوە، زۆرجاریش بە چیرۆكە شیعر، ڕۆمانە شیعر، باڵادە شیعر

ناودەبرێن، مەبەستیش لە (پەخشانە شیعر) وەک لە (ئەنسكلۆپیدیای شیعری - زانكۆی برنستۆنی ئەمریكایی) هاتوە كە: (دارِشتنێكە هەمو ئەدگارەكانی شیعری لیریكی تێدایە، جگە لەوەی وەكو پەخشان لەسەر پەڕە دەنوسرێت) (بەكر، ٢٠٠٤، ب: ٣١)، واتە ئەو شیعرەیە، كە هەمو ڕەگەزەكانی شیعری تێدایە، تەنها بەشێوەی پەخشانی دەنوسرێت و پابەندنییە بە كێش و سەرواى ستونی، واتە لەڕوی تۆپۆگرافیای دەقەكە و ئاوازەكە گۆڕانی بەسەرداهاتوە.

لەبۆچونی نوێشدا وا سەیری فۆڕمی (پەخشانە شیعر) كراوە، كە (شیعر بابەتێكە هیچ پەیوەندییەكی بە كێش و سەرواوە نییە، بەڵكو كێش خەسڵەتێكی لاوەكییە و شیعر دەتوانێت بێ ئەوەش دروست بێت) (الملائكە، ٢٠٠٧: ٢١٥)، واتە ئەگەرچی ئاواز و مۆسیقا پێكهاتە و ڕەگەزی شیعرن، بەڵام مەرج نییە هەمو شیعرێک كێش و سەرواى هەبێت، بەڵكو لەبری ئەوە دەشێت؛ بایەخ بە ئاوازە و ئاوازی ناوەوەی شیعر درابێت.

لەم سۆنگەوە ئەگەر ئاوڕ لە كێشی فۆلكلۆری كوردی بدەینەوە دەبینین ئەو ئاوازی ناوەوەی، كە لە لاوک و حەیران و بەیتدا هەبوە (كورد پێشتر شیعری بێ كێشیان لە لاوک و حەیران و بەستەدا وتوە و بیستوە و چێژیان لێ بینیوە) (ڕۆژبەیانی، ٢٠٠٨: ١١٠)، ئەمەش بەڵگەی ئەوەن پەخشانە شیعر لە ئەدەبی كوردییدا لە شیعرە فۆلكلۆرییەكاندا هەبوە، هەرچەندە ئاوازی ناوەوە لە تەواوی قۆناغەكانی شیعری (كۆن و نوێ و هاوچەرخ)دا بونی هەبوە و هەیە، بەڵام لە یەكتری جیاوازن، چونكە فۆڕمی شیعریی لە كۆندا لە ئاوازی ناوەوە دیارتر و ئاشكراترە، كە بەهۆی دوبارەبونەوەی ئەو دەنگانەی لە (كێش و سەروا)دا هەیە، كەچی لە شیعری نوێ و هاوچەرخدا ئەم ئاوازە شاراوەترەو لەسەر گوێگر و خوێنەری زرنگە بیدۆزێتەوە. (بڕوانە: فتح الله،١٩٩٩: ٦٦- ٦٧) یان (حەسەنی، ٢٠٠٧: ٤١).

لەم دیدگەیەوە ئاوازی ناوەوە لە هەمو ئەو دەقە ئەدەبییەكان بەدیدەكرێت، بەڵام بەپێی شێوازی دەق و ڕادە و پێكهاتە و جۆری دەقەكە و شێوازی تایبەتی نوسەرەكە دەگۆڕێت، چونكە هەر شاعیرێک و نوسەرێک فەرهەنگێكی زمانی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەو بارە دەرونی و ویژدانی و ڕادەی ئەوهەڵچون و داچونەش بەرپرسن لە هەڵبژاردنی ئەو وشانەی لەناو ئەو فەرهەنگە زمانییەدا هەن و پیدانی واتا و هێنانی دەستەواژە و ڕێكخستنی جوڵە و بەرزی و نزمی ئاوازەیی و كپی و گڕی و ڕەقی و نەرمی و ئەو دەنگانەی، كە لە دەلالەتی وشەكاندا هەن، جۆرە ئیستاتیكی ئیحایەک دەبەخشن، كە ڕەنگدانەوەی ئەو بارەی ناوەوەی شاعیر و نوسەرن، بەواتایەكی تر لایەنی دەرونی و ناخی پڕ ناسۆر لە ئاوازی ناوەوەی شیعردا خۆیان دەنوێنن وبەرجەستە دەبن، هەر بۆیە شاعیرانمان لەبری بایەخدان بە واقیعی دەرەكی و زەینی گرنگییان بە لایەنی ناوەكی داوە و كەوتونەتە ململانێی خودیەت لەگەڵ خۆیدا نەک لەگەڵ دەرەوەدا، ئەمەش بەو واتایە نا، كە دابڕاو بێت لە بابەتەكانی جیهانی دەرەوە، بەڵام بایەخدانەكە زیاتر بەرەو ڕوكردنە خودی بون و خۆدواندن چو، لەبری ڕوكردنە جەماوەر-كۆمەڵ و خەڵک، كە ئەمەش سەلمێنەری بەرجەستەبونی یەكێک لە مێتۆدەكانی ڕەخنەییە، ئەویش؛ ڕەخنەی دەرونشیكارییە -دەرونییە، كەواتە هێزی ئاوازی ناوەوە دەربڕی ناخی نوسەرە و هێزی لەهونەری دارِشتندایە، واتە وزە لە چۆنایەتی ڕێكخستن و دانەپاڵیەكی وشە و دەستەواژەكان و بەخشین و پیدانی ئاستێكی قوڵە لەماناى دارِشتندا، زۆربەی جارانیش شڵۆقەی هونەری دارِشتن، لەم ئاوەزەدا بە بونیادی دوبارەبونەوە لە دێر و ڕستە و شیعردا دەپێورێن، چونكە (مۆسیقای ناوەوە پێوەندی بە ئەزمونی شاعیرەوە هەیە، ئاوازی ناوەوەش گوزارشت لە ئەزمونی شاعیر و سۆز و هەڵچونی شاعیر دەكات) (الجنابی، بدون تاریخ: ٩٦)

بەواتایەکی دی مەبەست لە ئاوازی ناوەوە ئەوەیە کە هەستەکانی شاعیر بەرانبەر بەپیت و وشە و دەستەواژە هەستێکی تایبەتە، هەستکردنە بە ئیستاتیکای زمان و گەڕان بەدوای یاساییەکی ئاوازی نوێ بۆ شیعر لە سەرەتای تازەکردنەوەی شیعردا بایەخی تایبەتی هەبوە، لەلایەکی تر مۆسیقا لە هەمو دەقێکی ئەدەبییدا بونی هەیە، چونکە وەکو گوترا کاتێک، کە دەقێکی شیعری بەدەر لەڕەچاوکردن و هەبونی کێش و سەروا،(دەخوێنیتەوە/ گوێدەگرێ)ت، هەست بە جۆرە ئاوازەیەک دەکەی، ئەمە جگەلەوەی هەندێجار گەر دەقەکە کێش و سەروای هەبو ئەوا لەڕوی ئاوازەوە خۆی بەهێزتر پیشاندەدات، چونکە هەردوکیان: (ئاوازی ناوەوە، ئاوازی دەرەوە) یەکتردەگرن.(بڕوانە: ئەحمەد، ٢٠١٤، ٩١)

لەم دیدگایەوە لەگەڵ دەرکەوتنی پەخشانە شیعر فۆڕمی ئاوازەیی دەرەوەی شیعری، گەر بەیەکجاری وەلانەنرابێت، ئەوا بە ڕادەیەکی زۆر فەرامۆشکراوە، چونکە پەخشانە شیعر چەمکی (تەقلیدی کێش و سەروا ڕەتدەکاتەوە، لەجیاتی ئەوە ئاوازی ناوەوە یاخود سیستەمی خودی دەنگەکان بەکاردەهێنێت).(یافی، ١٩٩٣: ٣٢)

ئەوەی پەخشانەشیعریش لە هەر پەخشانێکی تر جیادەکاتەوە؛ زمانە! چونکە بەهۆی ئەو زمانە ئیستاتیکی و چڕوپڕەی، کە شاعیر لە نوسینی دەقە شیعرییەکەیدا بەرجەستەی دەکات، وادەکات زیاتر بەرەو شیعرییەت بڕوات، چونکە زمانی شیعری بەجۆرێکە جیاوازە لە زمانی پەخشان و جۆرەکانی تر، خۆ دەشێت پەخشانیش شێوەیەک لە شعرییەت و ئاوازی شیعری تێدابێت، بەڵام دیسان ئەم شیعرییەتەی بەهۆی زمانەوە لەدەقێکی شیعرییدا خۆی دەنوێنێت هەر ئەو شێوازە نییە کە لە دەقێکی پەخشاندا بونی هەیە، ئەمەش بۆ سروشتی بنیات و پێکهاتەی هەریەکەیان دەگەڕێتەوە، واتە شاعیران لە قۆناغی کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان هەوڵی نوێکردنەوە فۆڕمی شیعرییان دراو، پەخشانەشعر دەرکەوت، کە (سەرەتا وەک یاخیبونێک لە شیعری باو و پاشان یاخیبون لە ژانرێکی دیاریکراو)(ئەسوەد، ٢٠٠٦ : ٦١). ئەم جۆرە شیعرانەیان نوسیوە، ئەم یاخیبونەش دیاردەیەکە لە شیعری هاوچەرخی قۆناغەکە، بە واتای ڕەتکردنەوەی مەرج و یاسا سەپێنراوەکان (کێش و سەروا) لەسەر دەقی شیعری دێت و تێکدەشکێنرێن، بەمەش سنوری نێوان پەخشان و شیعر لە ئاوازی ناوەوە لەیەک نزیکدەکاتەوە، چونکە شیعر (چیتر باوەڕی بە سنورەکانی خۆی نەماوە، نەک تەنها پەڕیوەتەوە بۆ ئەو دیوی سنوری ژانرەئەدەبییەکان) (ئەسوەد، ٢٠٠٦: ١١٨)، بەڵکو لە لێواری هونەرەکانی تریش خۆی نزیک خستۆتەوە، ئەویش لە تێکەڵکردنی ژانرەئەدەبییەکان و کاریگەریی ژانرێک بەسەر ژانرێکەوە خۆی نواند، گەرچی لە سەرتادا ڕەتدەکرایەوە؛ بەڵام بەهۆی ئەوەی پەیوەندییە بەتینەی لەنێوان شێوەکانی ئەدەبدا هەیە و خاڵە نزیکەکانییان بونەتە هۆی پەیدابونی ژانری نوێ، تێکەڵکردنی ئەو شێوازانەش بەحاڵەتێکی ئاسایی دانراوە، بەتایبەتی لە (دوای سەدەی هەژدە و نۆزدەوە ئەو ژانرانەی کە زیاتر برەویان هەبوە، (شیعرو پەخشان بە هەمو جۆرەکانییانەوە، بەهۆی بونی خاڵی هاوبەش لە لایەکەوە و پێویستی سەردەمیش لەلایەکی ترەوە)(حەمە ئەمین، ٢٠١٤: ٢٨) وردەوردە چەشنە ئەدەبییەکان بەرەو ئاوێتەبون و چونەناویەکی ڕەگەز و تایبەتمەندییەکانی یەکترچون، لە ئەنجامی ئەم تێکەڵبونەشدا دەق جوانتر بو و بەهای ئیستاتیکیی زیاتریشی بە پێکهاتەکەی بەخشی.

لەم سۆنگەیەوە ئاوازی ناوەوە لە پەخشانە شیعردا (ئەرکی سەرەکی دەگێڕێ، چونکە شیعر لێرەدا هاواتای کێش نییە، هێزی گەیەنەری وێنە شیعرییەکان ڕێکخستنی بزاوتنەکانیەتی)(بەکر، ٢٠٠٤، ا: ٤١)، بەواتایەکی تر لە پەخشانە شیعردا گوێییەکی ئاوازەیی – مۆسیقی هەیە، بەڵام ئەم ئاوازە نا کە ملکەچی ئاوازە کۆنەکان بێت، (بەڵکو ئەو ئاوازەیە کە گونجاوە بۆ ئەزمونەکانمان و ژیانی نوێمان، ئەو ئاوازەی کە هەمیشە لە نوێبونەوەدایە(الجنابی،

٢٠٠٣: ١٠٤)، بۆیە کاتێک دیقەت لە ئاوازی شیعری هاوچەرخی کوردی لە باشوردا، لە کرمانجی ناوەڕاست لە دوای ڕاپەڕین(١٩٩١– ٢٠٠٣) دەکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە زیاتر گرینگیدانە بە ئاوازی ناوەوە، کە بەم شێوازە لەپێشودا نەبو، بەڵکو لێرەدا بەهۆی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ڕێبازی ئەدەبی تر: (دادایزم، سوریالیزم،..)، ئاوازی ناوەوە نەک هەر خۆی لە دوبارەکردنەوەی دەنگ و وشە و گرێ و دەستەواژەدا بینییەوە، بەڵکو بوە هۆی (لادانی دەنگی)ش بە شێوازە جیاوازەکانی، کە بەمەش جگەلە پێدانی ئاوازی ناوەوە، بوە هۆی گۆڕینی شێوە و تۆپۆگرافیایی شیعری قۆناغەکە، بە بەراورد لەگەڵ شێوە و تۆگرافیایی قۆناغەکانی تر.

لەم ڕوانگەیەوە شیعری هاوچەرخی کوردی لەڕوی بنیاتی ئاوازەییەوە، کاتێک بایەخیدا بە ئاوازی ناوەوە (ماف سەندنەوەی ئیقاعی ناوەوەی شیعر بو، ڕوکردنە ئیقاعە شیرینەکانی نیگار و داتاشین و کۆڵین و وێنەگری و شانۆ و سینەما بو،..... ئەمەش نەک هەر بەشیعری شارستانی، بەڵکو بە شیعری ئۆتۆماتیکی و کۆنکرێتی لای هەندێ لە سوریالیستەکانەوە ئەگەر ئیقاعیان– ئاوازی – ناوەوە فەرامۆش نەکردوە–) (زامدار،١٩٨١: ٢٧،٢٨)، جۆرە شێوەیەکی ئاوازی سەربەخۆ لە بەرهەمەکانییان بەدیدەکرێت، بەتایبەت شاعیرانی دوای ڕاپەڕینیش ئەوانەی کە کاریگەربون بە ڕێبازی سوریالیزم و داداییزمەکان، بەجۆرێکی تر مامەڵەیان لەگەڵ ئاوازی ناوەوەدا کرد، هیچ سنور و پێوەرێکیان نەبو، تەنانەت بەشێوەیەک بون، کە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پیت و برگە و وشە و دەستەواژە شیعرییەکاندا لە چاپکردن و نوسین، تەنانەت هەندێکجار لە خوێندنەوەش بە جۆرێک بو، کە لە وێنە و تابلۆ دەچون یان گرانایی دەنگییان دەخستەسەر پیتێک یان وشەیەک بەشێوەیەک، کە ئەم پیت و وشەیە بە قەبارەیەکی گەورەتر یان بە ڕەنگێکی تۆختر یان چەندجارە لەدوای یەکتر و دوبارە دەنوسرایەوە و لە گۆکردنیشدا بەدەنگێکی نەبڕاوەوە و درێژدادڕ و بێ پچڕان دەیانگوت، هەر بۆیە هەندێکجاریش شیعر بە تابلۆیەکی شێوەکاری دەنوسرا، بێ ئەوەی کە دەنگێک – پیتێک وشەیەکی تێدابێت، کە ئەمەش خۆی ئەوپەڕی لادانە لە نوسینی شێوازی شیعری پێش خۆین و تێکدان و شکاندنی ئەو هزر و بیر و باوەڕەیە، کە بۆ چنینی شیعر لە پێشوتردا هەبو، هەروەکو (د. محەمەد بەکر) لەم بارەیەوە دەڵێت: (بەزەحمەت ئەتوانرێت ئەدگارە تەکنیکیەکانی ئەم بزاڤە خانەبەند – دیاربکرێت، چونکە لێرەدا کاری هونەری وەک ئامێرێک بەکاردەهێنرێت) (بەکر، ٢٠٠٤، ب:٢، ٢٦– ٢٧) بۆ بەدەست هێنانی ئامانجێکی گەورەتر، ئەویش؛ وێرانکردن و تێکدان و دوبارە بنیاتنانەوەیە، بۆیە تەواوی دەربڕینە سواو و ئاوازەکانی پێشوتریان وەلا ناو هەوڵیانداوە، کە جەخت لەسەر هێز و کاریگەری دەنگ و وشە و وێنە شیعرییەکان بکەنەوە. (التكريتي، ١٩٩٠: ٣٢٤)

بە واتایەکی دی، لێرەدا شاعیر بۆ بەرهەمهێنانی ئاوازی شیعرەکەی، پلان و بەرنامەیەکی پێشوەختەی وای نییە، کە پەنای بۆ ببات و لە چنینی دەقەکەیدا بەکاریبهێنێت، بەڵکو ئەم لەلایەک بەهۆی لەدەستدانی ئاوازی دەرەوە و کە بەشێکە لە قەرەبوی شیعرییەتی ئاوازەیی، لەلایەکی تر هەر ئەم ئاوازە خۆی دەرهاوێشتەی لایەنی دەرونی و ویژدانییە تەنانەت زۆرجاریش شاعیریش بێ ئاگایانە لەو بابەتە جۆرێک ئاواز لە دەقەکەییداچنراوە (بڕوانە: اطميش ١٩٨٦: ٣٤٥)، زۆرجاریش بۆ ئەو مەبەستە نەک هەر وشەیان بە واتای ڕستە بەستۆتەوە بەڵکو شوێنی پیت و دەنگە لێکچوەکانیشیان لە وشەدا گۆڕیوە تا ئەو ئاستەی کە مانایەکی ناهزری بدەن و شاعیر خۆی بە جۆرێک لە بێئاگایی و ورێنەکردن و نەزانی خۆی دەرخات، ئەمەش لەپێناو جوڵاندنی هزر و بیری وەرگر و ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر و دوبارەکرانەوە و گۆڕانی ئەو هزرەیە لە ڕێگەی ئەو زمانەی کە دەقەکەی پێچنراوە. (بڕوانە: کورک، ١٩٨٩: ١١٩)

لەم سۆنگەوە ئەم شاعیرانە هەمو پێڕە و یاساکانی زمان و ڕەسەنایەتی مێژو و واتای فەرهەنگییان لە قالب داو و سەرچاوەکانی بیر و زانستیان وەلانا و ڕەتیانکردەوە، چونکە ئەوان لەنێو زماندا، بیر لە زمان دەکەنەوە، وازی لەگەڵ دەنگ تیشکی وشە دەکەن، هەر بۆیە دەقەکان زۆربەیان لەڕێگای نیشانەی هەڕەمەکی و لەخۆوە بەرجەستەدەکرێن و جۆرێک لە(فۆرمی گران) بەکاردێنن؛ کە تەقینەوەی زمانە لەنێو زمان، ئەمەش خۆی لە تێکدانی ڕۆنانی زمان و ڕێزمانی و پەیوەندی نێوان وشە و واتای فەرهەنگی، دوبارە پێدانی واتایەکی تر دەبینێتەوە، هەر لەوێشەوە گوزارشتێکی یاخییانە و ئاسۆییەکی تر چاوەڕوانی بۆ خوێنەر دەئافرێنن و دەرگایەکی تر بەڕوی بیری خوێنەر و وەرگر دەکەنەوە، چونکە لەلای بەشێکی تر لە شاعیران؛ (دەمێکە بنەڕەت و دەق لەناوچوە،– نیشانە – هێما شوێنی گرتۆتەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ گوزارشت لە خۆیان ناکەن و نیشانەی ئەبستراکتن، هەمو هێزی خۆیان لە تێکشکاندنی مانا و شیمانەی سەربەخۆ و بێ سەرچاوەیی و بەرهەمهێنانی نیشانەی کورتبڕی دەبیننەوە)(عەبدوڵڵا، ٢٠١٩: ٥٥)

پەیام و ناوەڕۆک لای ئەوان مەبەست و لایەنێکی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی نەبو، بەڵکو جۆرێک بو لە خاڵی کردنەوە و گوزارشتی دەرون و پێکەوەگرێدانی پەیوەندی دەق و دەرون، بەهۆی ئەو ئاواز و شێوە تۆپۆگرافییە جیاوازانەی شیعریی کە پێشکەش دەکران، هەربۆیە کاریگەریی چێژی ئاوازیی لای ڕەخنەگری ئینگلیزی (وۆردز وۆرس) خۆی لە سێ لایەن: (هۆشەکی، ئیستاتیکا، دەرونی) دەبینێتەوە، ڕوی هۆشەکی پێداگرییەکی بەردەوامە لەسەر ئەوەی کە ڕێسایەک یان وردیەکی مەبەستدار لە کارکردندا هەیە) (اسماعیل، ١٩٧٤: ٣٦٣)، لەبەرانبەردا ئیستاتیکایەکەشدا کەشێکی پڕ لەبیرکردنەوەی خەیاڵی بۆ بابەتەکە دەخولقێنێت، ئەمەش ڕەهەندێکی جوان بەبیر و هزر وەرگر دەبەخشێت، لەبارەی لایەنە دەرونییەکەش؛ وەک دەزانرێت بەگشتی ژیانی مرۆڤ، ژیانێکی ئاوازییە، هەر لە نوستن و هەڵسان و ڕۆشتن و و لێدانی دڵ، کە هەرسێکیان لەنێو خۆیاندا جیا لە کاریگەری دیکە، کاریگەرییەکان پڕ چێژتر دەبێت، لێرەدا دەشێت باری دەرونی بە پێوەرێکی ڕاست و دروست دابنرێت بۆ زانینی ڕیتم و پلەو ئاستەکەی لە نێو دەقدا، چونکە لە هەڵوێستی وادا کاتێک لێدانی دڵ خێرا دەبێت دەق لەنێو پرۆسەی نوسیندا چوارچێوەی ئاوازەکە گۆڕانی بەسەر دادێت و ئاوازی دەنگ و وشە و ڕستەکان خێرا دەبن، بۆیە (ڕیتمی لێدانی شیعر وادەبێ بەخێراییەکی کەمتر لە لێدانی دڵ دابنرێت، بۆیە ئەمە ڕاست دەردەچێت، کە شیعر زمانی دڵە) (اسماعیل، ١٩٧٤: ٣٦٤)، بەتایبەتیش لەکاتی خەیاڵکردن بۆ ڕابردو، یان هەستکردن بەنامۆیی، ئەمە ڕیتمێک لەنێو تۆپۆگرافیای دەقەکەدا دروستدەکات، و بێ ئەوەی بە ئاشکرای وەک کێش و سەروا خۆنیشان بدا.

بەگشتی بزوتنەی شیعری هاوچەخی کوردی، خۆی لە گۆڕانی ڕیشەیی بنیاتی شیعر دەبینێتەوە، ئەویش لە ئاستەکانی (زمانەوانی و شێوازگەری و پراگماتیکی وسیمانتیکی و......، بە تایبەتیش لەڕوی ئاوازەوە، چونکە شیعری هاوچەرخی کوردی لەلایەنی ئاوازی، (ئاوازی دەرەوە): کێش و سەروای وەلانا، بایەخی زیاتر بە ئاوازی ناوەوەی شیعردا، چونکە (مۆسیقای ناوەوە پێوەندی بە ئەزمونی شاعیرەوە هەیە، گوزارشت لە ئەزمونی شاعیر و سۆز و هەڵچونی شاعیر دەکات)(رحمانی، ٢٠٠٤: ١٨٦)یان (الجنابی، بدون تاریخ، ٤٥)

بە واتایەکی دی مەبەست لە ئاوازی ناوەوە ئەوەیە، کە هەستەکانی شاعیر بەرانبەر بەپیت و وشە و دەستەواژە هەستێکی تایبەتە، هەستکردنە بە ئیستاتیکای زمان و گەڕان بەدوای چاچێوەی ئاوازێکی نوێ و تازە بۆ شیعر، هەر ئەم ئاوازەشە شێواز و پلەی بەراوردی لە نێوان شاعیرەکان دیاری دەکات، چونکە بنەماکانی بنیاتی

ئاوازی ناوەوە، دیاریكراو بن و هەر شاعیرێك بە سەربەستی بەكاریاندێنێت و تا ئەو ڕادەیەی تایبەتمەندی و شێوازی شاعیرێكی پێدەناسرێت و پێی لە شاعیرێكی تری قۆناغەكەی خۆی، یان قۆناغێكی تر جیادەكرێتەوە.

لەم ڕوانگەوە پشكنین و گەڕان بەدوای ئاوازی ناوەوەی شیعریی، گەڕانە بەدوای لایەنێكی شاراوەی دەق؛ پرۆسەیەكە هەر لەناوەوەی دەقەكە بەرهەمدێت، بەمەش دەگەڕێینەوە سەر ئەو سیستەمە كاركردنەی؛ كە بریتییە لە بەئامانجگرتنی دەق و ڕوانین لە گۆشەی دەق، كە ئەمەش كرۆك و چەقی كۆڵینەوەش لە شێواز و پیشاندانی تەواوی لایەنەكانییەتی، كە خۆی لە پێكهاتەی دروستبونی وشە و ڕستە و دێڕ و لەتە شیعرەكاندا دەبینێتەوە، بۆیە لێرەدا ئاوازی ناوەوە پەیوەست دەبێت بە تەوەرەیەكی تری شێوازی كە ئەویش: (هەڵبژاردن)ە، چونكە شاعیر – نوسەر لە فەرهەنگە زمانییەكەیدا زیاتر ئەو وشانە بەكاردێنێت؛ كە خودی خۆی باوەڕی پێیەتی و گوزارشت لە هەست و نەستی دەكەن، بەمەش ئەم دەربڕینانە لە دەنگدا خۆیان دەنوێنن و ئاشكرا دەبن و دەبنە سیما و ئەدگار و گوزارشتكەری ئەو ژان و كەفوكوڵ و بیر و هزرەی كە لەلایەنی ڕامانی و خەیاڵكردنی شاعیرەوە بۆ شتەكانی دەوروبەری (ماددی و مەعنەوی) و ئەو جیهانبینییەی كە بۆ ژیان و مردن هەیەتی، بۆیە ئاوازی ناوەوە لەشیعری هاوچەرخی كوردی دوای ڕاپەڕین(١٩٩١-٢٠٠٣) لێكدانەوەو بەرجەستەكاری بارودۆخی دەرونی و هزری شاعیرانمانن، واتە بەهۆی ئەو ڕوداوانەی كە لە باشوری كوردستان ڕویانداوە هەر لە؛ ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، دروستبونی پەرلەمان و حكومەتی هەرێم، گەیشتن بە بەشێك لە مافە نەتەوەییەكان، دەركەوتنی تروسكەی هیوا و كەشێكی تاڕادەك ئازاد لە چاو پێشوتر و گەڕانەوەی ئەو شاعیر و دەستە شاعیرانەی كە لە دەرەوەبون، جۆرە گەرم و گوڕی و هیوایەكیدا بە تاك بە تاكی كورد، بەڵام ئەمە هەر زۆری نەخایاند بەهۆی هەلومەرج و پێشهاتی دەرەكی و شەڕی نەگریسی براكوژی و باری ئابوری و جۆرێكی تر لە ڕەشبینی و نائومێدی سەراپای كوردستانی باشوری گرتەوە، شاعیرانیش وەك هەر تاكێكی ئەم نەتەوەو نیشتیمانە بون بە بەرجەستەكاری ئەم دۆخە دەرونییەی نالەبارەی كورد، بە ڕامان و سەرنج دان لەم دەقانە، كە زۆربەیان تەژین لەم ڕوداوانە و هەندێكی تر لەوپەڕی دۆشدامان و ڕەشبینی دان، تەنانەت گوزارشتە دەرونییەكان بەجۆرێكن، زۆرجار شاعیران خۆیان دەخەنە ئاستی بێئاگایی– ژێرهەستی و ورێنە و دەقی لاڵ و...، كە ئەمەش بەشێك لە شێواز و فۆرمەكانی خۆی لە بنەماكانی سوریالی و دادایی وەردەگرێت، هەر بۆیە دەقە شیعرییەكان ئاوازێكی تایبەت بەخۆیان هەیە و دەبنە شوناسی شاعیر و قۆناغ و نەتەوەكەش.

ماوەتەوە بڵێین كە وەلانان ونبون و تێچونی ستاتیكای ئاوازی دەرەوەی شیعر، وای لە شاعیران كرد، كە بیر لە ستراتیژ و داهێنانێكی دیكەی ستاتیكی بكەنەوە بۆ قەرەبوكردنەوەی جوانی دەرەوە، بۆیە ئاوازی ناوەوەی شیعرییان هێنایە مەیدانەكە و بوە ئەدگارێكی سەرەكی لە چنینی دەقی قۆناغەكە، كە ئەمەش بەڕادەیەكی باش بەربڵاو بەشداری لە بەهێزی و جوانیەخش و چێژی ئاوازی شیعری هاوچەرخدا كرد، بۆ ئەمەش لەلایەك سودیان لە (سەرروای ناوەوە) وەرگرت، ئەویش بە ئەفراندنی چەشنێك لە سەروای ناوەوە بەهۆی دوبارەكردنەوەی وشەكان لە ئاوازی ناوەوە بێ بیركردنەوە، دابەشدەبێت بەسەر ڕستە و دێرەكاندا و بارێكی ئاوازی ناوەوەی لێ دروستدەبێت و هەستی پێدەكرێت، لەلایەكی دی دەوڵەمەندكردن و بەهێزكردنی ئاوازی ناوەوەیە، بۆ ئەمەش سود لە دوبارەكردنەوەی تاكە دەنگ (بزاوت و نەبزوت) و چەپكە دەنگ: (بڕگەی كورت و درێژ)، پێكەوەهاتن و كۆكردنەوەی ئەو دەنگانە وەردەگرێت كە لەیەكچون و پێكەوەگونجاون، چ بەشێوەی تاكە دەنگ بێت یان بەشێوەی

هێشویی بێت، که هەوڵدەدات ئەم تێکەڵەکردن و کۆکردنەوەیە لە سەراپای یان بەشێکی زۆری دەقی شیعرەکەی بەشێوەیەکی گونجاو دوبارە و چەندبارە بکاتەوە.

بەگشتی زۆربەی شاعیران و توێژەران و ڕەخنەگرانی بواری شێوازگەری بۆ دیاریکردنی ئاوازی ناوەوەی شیعر پەنا بۆ چەند ڕەگەز و پێکهاتەیەک دەبەن لەوانە: دوبارەکردنەوەی (دەنگ، چەپکە دەنگ، وشە و فرێز و...) جۆر و شوێن و شێوەی پکهاتنی لە هەردو (ئاستی ئاسۆیی و ستونی)، هونەرەکانی دیکەی وەک: (ڕەگەزدۆزی، دژیەک: بەجۆرەکانییەوە)، ئەمە سەرەڕای (لادانی دەنگی)، کە خۆی لە (کرتاندن، جێگۆرکێ، دەنگگۆڕکێ، خستنەسەر) دەنگ دەبینێەوە، کە هەمویان بون بە پێناوێکی سەرەکی بۆ دروسبونی ئاوازی ناوەوەی شیعری ئەم قۆناغە، هەر بۆیە بەڕوانین لە شیعرەکان و پشتبەستن بە ئاوازی ناوەوەیان لە سۆنگەی بەرجەستەبونیان، باس بە (لادانی دەنگی) دەکەین، کە خۆی لە (کرتاندن، جێگۆڕکێ، دەنگگۆڕکێ، خستنەسەر) دەنگ دەنوێنێت.

## بەشی دوەم: دیاردەی لادان لە ئاستی دەنگسازییدا:

بەشێوەکی گشتی جۆرەکانی لادان؛ هاوشێوەی چەمک و زاراوەکەی فراوان و ناجێگیرە، لەلایەکی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی هاوشیوەی بابەتەکانی دیکە بەرزی و نزمی بەخۆیەوە بینییو ەو دەبینت و هەمیشە لە گۆڕاندایە، بۆیە تەواوی ئەو لایەنانەی کە (ئەمرۆ لەدەست زمانی ئاسایی ڕایانکردوە، شیعرییەتیان دروستکردوە) (ابو العدوس، ٢٠١٦: ١٩١)، وەلێ ڕەنگە سبەی ببنە بەکارهێنانێکی ئاسایی و لای خەڵک، بۆیە پۆلێنکردنی لادان لە دیدی نوسەر و ڕەخنەگران جیاوازن.

(کۆهین) لادانی بە زمانەوە پەیوەست کردوە و سێ جۆری لێ دەستنیشانکردوە، کە بریتین لە (لادانی دەنگی، لادانی پێکهاتەیی، لادانی واتایی) (ناظم، ١٩٩٤: ١١٨)، کەچی (لیچ) لادانی بۆ هەشت جۆر دابەشکردوە؛ کە (لادانی لێکسیکی، لادانی فۆنۆلۆژی،لادانی کاتی، لادانی شێوازی، لادانی واتایی، لادانی ڕستەسازی، لادانی زاری، لادانی نوسین) (کانەبی، ٢٠٠٩: ٢٩)، زمانەوانی کورد (محەمەد مەعروف فەتاح)، بەسود وەرگرتن لە تێڕوانینەکەی (لیچ)دا شەش جۆر لادانی دیاریکردوە، کە (لادانی وشەیی، لادانی ڕێزمانی، لادانی زارو زمان، لادانی نوسینەوەی ئاسایی، لادانی واتایی، لادانی شێواز)(فەتاح، ٢٠١٠: ٤١٢-٤٢٢).

لەم سۆنگەیەوە و بەڕوانیین لەم دابەشکرن و پۆلینکردنانەی، کە تائێستا بۆ جۆرەکانی لادان کراون، پەیوەندییەکی ڕاستەخۆ و دانەبڕاوییان پێکەوە هەیە، چونکە هەمو جۆری لادانەکان لە پێکهاتەی دەقدا بەشدارن و لە چنینی زمانی دەقەکەدا بەرجەستە دەبن، بەڵام دەشێت (لادانی دەنگی) بە بناغەی تەواوی جۆرەکانی لادان لە لایەنی (پێکهاتە و زار و شێوازار..) دابنرێت، کە دواجار هەر ئەمانیش دەبنە بنەمای دروستبونی لادان لە (ئاستی واتایی)، ئەویش بەهۆی کە (فۆنیم-دەنگ/ پیت) یەکەی سەرەکییە لە مۆڕفیم-وشە، بە شێوازی پێکهاتنییان و چونەپاڵییەک و پێکەوەهاتن و ڕیزبونیان و واتا و دەلالەت دەبەخشن.

بەواتایەکی دی لادان پرۆسەیەکی (گشتگیرە و سەرتاپای دەق دەگرێتەوە، واتە ئاستەکانی دەنگ و پێکهاتە و دەلالی و سینتاکسی و پراگماتیکی و زمانی دەق بەهەردو دیوی ناوەوە و دەرەوەی دەبنە کەرەستەیەک تا لادانیان لەناودا جێبەجێ بێت) (خۆشناو، ٢٠١٠: ٢٥٠)

زۆرجار لەناو زمانێکدا چەند زارێک هەن، لەناو هەر زارێکیش چەند شێوەزارێک هەن، بۆیە کاتێک لە زمانی (فۆنەتیکی) ئەو کەسانە ورد دەبینەوە، هەست بە جۆرێک لە گۆڕانکاری دەکەین، ئەویش بەهۆی تێکەوڵاوبونی ئەو

زار و شێوەزانەوەیە، بەڵام گۆڕانە فۆنەتیکییانەیە لە هەمو زار و شێوەزارێک وەک یەک نییە، وەک (لەناو دیالێکتێکی کرمانجی ناوەڕاست، شێوەی سلێمانی گۆڕانی فۆنەتیکی زۆر بەدیدەکرێت، هەندێجار بەرەو ئاسانی و کورتکردنەوە ڕۆشتون) (عەبدولڕەحیم، ٢٠١٤: ٩٠)، بۆنمونە:

- شۆردن – شوشتن– شتن ــ جیاوازی شێوازارەکلن، قۆپچە – قۆچپە– چینی خوێندەوار و نەخوێندەوار
- چاکتر – چاتر ـ لەناوچونی دەنگ، پشت+دەر/ پژدە ـــ گۆڕین و لەناوچونی دەنگ

لەم سۆنگەیەوە لادان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی شێوازگەری؛ کە بریتییە لە وەلانانی بەشێک لە یاسا و دەستوری ڕێزمانی زمانەکە لە هەریەک لە ئاستەکان: (دەنگسازی، پێکهاتەیی، واتایی)دا ڕودەدات، هەر لەم ڕووەوە لادانی دەنگی کاتێک دروست دەبێت، کە ئاخێوەر لەیاسا دەنگییەکان ـ فۆنۆلۆژییەکان لادەدات، وەک: (وێکچواندنی دەنگ، تێچونی(سوان)ی دەنگ، پەیدابونی(هاتنەناوەوەی دەنگ) دەنگگۆڕکێ، جێگۆڕکێی دەنگ، گونجان و نەگونجانی دەنگ)(فەرەج، ٢٠٠٠ : ٥٠) یان (تۆفیق و حسێن، ٢٠٢١: ٨٧)، دەشێت بە سود وەرگرتن لەم پێناسینەی لادانی دەنگ بۆ نوسەر و شاعیریش هەردروستە، بۆیە شاعیرێک زۆرجار لە ڕێگەی بەکاربردنی توانایی زمانی و وزە شاراوەکانییدا خۆی بەدیواری زماندا دەکێشێت و لە بنەما سەرەکییەکانی ڕێزمانی زمانەکەی لادەدات و بە بەهەوەسی خۆی هەستە پەنگ خواردوەکانی پێدەربڕێت.

لەلایەکی دی بنەمای سەرەکی زمانی شیعری و هەبونی شیعرییەت لە دەقێکدا، پەیوەستە بە هەبونی ڕێژە و جۆر و شێوەی ئەو لادانانەی کە نوسەران/شاعیران لە زمانی ڕۆژانەوە دروست دەکەن، چونکە شاعیر بۆ چنینی دەقە شیعرییەکەی بە وردی چاودێری ئەو لادانە دەکات و بەکاریان دێنێت، وەک: دوبارەکردنەوەی دەنگەکان و هەڵگەڕانەوە و ڕێکخستن لە پیتەکاندا.

هەڵبەت کاتیک شاعیر لە یاسای باوی زمانەکەی لادەدات و جۆرێک لە لادان ئەنجامدەدات، لەخۆوە نییە، بەڵکو بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی گوێگر و خوێنەرە، ئەویش لە لایەک بەهۆی ئەو لادانەیەوە لە یاسای زمانەکە و پیشاندانی شێوازێکی نوێیە، لەلایەکی دی هەر بەم لادانە بە گونجاندن و ڕێکخستن و پێکەوەهاتنی وشە و دەستەواژەکان و تێچونی بەشێک لە دەنگی–پیتی/ تیپی وشەیەک یان زیاتر شێوازێک لە ئاواز دروستدەکات، واتە زۆرجار شاعیر ئەم لادانە بە مەبەستی ئاسانکردن و – (خۆشکردنی ئاوازی گوتنەکە لەسەر زمان، کە مەبەستیان هێنانەدی کاریگەریەکی زیاترە لەسەر خوێنەر) (ئەحمەد، ٢٠١٠ : ٥٢)، چونکە شاعیر هەمیشە هەوڵدەدات بنیادێکی تازە و نوێ بۆ دەقەکەی پەیڕەو بکات، بۆیە لە سەردەمی ئێستادا لادان بە نزیکترین و چاکترین ڕێگە دادەنرێت، کە بتوانێت بەهۆیە گۆرانکاری ئەنجام بدات، ئەویش لە بچوکترین شێوە: کە دەنگێک یان زیاتر لە بینای دروستی وشە لادەبات: یانیش دەنگێک. یان زیاتر لە بینای دروستی وشە زیاد دەکات. یانیش دەنگێک زیاتر لە بینای دروستی وشە دەگۆڕێت، تا ئاستی ئەوەی کە بەهۆی ئەم لادانانە دەنگییانە گەورەترین لادانی واتایی – دەلالی بخوڵقێنێت، بەڵام دەبێت نوسەر/شاعیر بە وریایی و لێهاتویی و کارامەیی مامەڵە لەگەڵ ئەفراندنی ئەم لادانانە بکات، چونکە مەرج نییە هەمو لادانێک دروستبێت دەق بکەن بە شاکار، بۆیە نەشارەزاییەکی لە دروستکرنی لادان؛ لە شوێن و پێگە و مەبەستدا هۆکارێکی سەرەکین لە بەرهەم هێنانی بنیاتی دەقێکی کرچوکاڵ و ناتەواو بێ چێژ، دەقێک کە هەر بەمردو لەدایکدەبێت، بۆیە ئەوکات شاعیر تەنیا هەر خۆی خوێنەر و نوسەرە، لەوێش پرۆسەی مەرگی نوسەر و مردنی دەق پێکەوە گرێدەدرێن:

لەم سۆنگەوە بە تیشک خستنەسەر جۆرەکانی لادانی دەنگیی، کە بنەمای سەرەکی ئەفرێنەری ئاوازی شیعرین؛ تایبەت ئاوازی ناوەوە، بەشیک لە شعری شاعیرانی هاوچەرخی کوردی قۆناغی دوای ڕاپەڕین(١٩٩١-٢٠٠٣) لە باشور- کرمانجی خوارو شلۆڤە دەکەین.

## دیاردەکانی لادانی دەنگی:

گەمە دەنگییەکان، بەڕێخۆشکەر و پێکهاتەیەییەکی سەرەکی لە بەکارهێنانی ئاواز و ڕەزم وستریس و دوبارەکردنەوەی وشەبە ئامانجی گۆڕانکاری لە تۆن و خێرایی دەنگەکان بۆ درستبونی ئاوازی شیعریی.

بە گشتی هەر فۆرمێکی دەنگی لە چونەپاڵییەک و ڕیزبەندیدا ئاوازێک دروستدەکەن، کە زۆرجاریش ئەم ئاوازە لە خودی واتایی وشەکانیش بایەخدارترن. چونکە کاتێک بەم زنجیرە دەنگیی و ڕیزبەندیانە یەکدەگرن و قەوارەیەکی دەنگی دروستدەکەن لەسەر بنەمای مۆسیقا و ئیقاعی وشەبەکارهێنراوەکان، دواجار ڕو لەڕوئیایی ناوخۆی و نەبینراوی دەقەکەدەکەن و لەسروشتی شیعری ئۆتۆماتیکی نزیک ئەبنەوە. (بڕوانە:حسێن، ٢٠٢١: ١٣٠-١٣٧)

بەگشتی لەم دەقانەدا وێنە لە فۆرمێکی زمانەوانی ڕوتدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی نەست وناخی شاعیرن هەڵگری تایبەتمەندی تەقینەوە دیوە نەبینراو ناوخۆییەکەی شاعیرن، بۆیە، چەندین شێوە و حاڵەتە دەنگییەکان لای هەر شاعیرێک و تەنانەت لەهەر شیعرێکیشدا شێوازێکی جیاوازی هەیە، کە گوزارشتی ڕاستەخۆن، لەناخی شاعیر لە کات و شوێن و سەردەم و حاڵەتێکی دیاریکراودا. ئەوانیش خۆیان لە هەریەک لە شێوەکانی (پاتکردنەوە و جێگۆڕکێ و پاش وپێشخستن و زیادکردن و کرتاندن...)ی مۆرفیم لە وشەکاندا دەبیننەوە و ئەدگارێکی دیارن لە بەکارهێنانی یارییە دەنگییەکان لە نوسینی دەقی هاوچەخی کوردی دوای ڕاپەڕین.

ئەمەش لەو ڕوانگەی کە ئەم لادانە دەنگییانە دەبنە هۆکارێک بۆ ئەوەی خوێنەر بەدوای جوانکارییەکی پەنهانیی(ئاوازی ناوەوە)دا بگەڕێت، لەبری ئەوەی کە (پێش سوریالیزم) دەبو بەدوای جوانییە ئاشکراو دیارەکاندا (ئاوازی دەرەوە) لە دەقدا بگەڕابا .

لەم سۆنگەوە بونیادی دەقی شیعریی لەڕوی دروستبونەوە تێکەڵەیەکە لە (بنەمای مۆسیقی و ئیقاعی کە هاوتەریبە لەگەڵ ئاستەکانی وشەسازی و سینتاکسدا، بنەما ئیقاعی و دەنگییەکەی شیعری ئۆتۆماتیکی بە سودوەرگرتن لە خێرایی دەنگ و تۆنەکانی دەنگ و تێکەڵاوکردنی مۆسیقییانەی پیتەبزوێن و نەبزوێنەکان، کپ و ئاوازدارەکان دروست دەکرێن) (نوسینی تۆماتیکی)، کە ئەمان تێکرا کەرەستەی گرنگن بۆ چنینی شیعر بە کە بەدەستی شاعیرەوەن، بۆ ئەوەی بارودۆخ و کەشێکی شیعریی پڕ لەچێژ و جوڵە و گەرموگوڕی دروست بکات، لە دەنگی تێکشکاو و دوبارە بونیادنانەوەی دەنگی نوێ و ناباو، بونیادی شیعری ئاسایی تێکبشکێنێت، قالب و کە ئەمەش بوە پاڵنەرێک شاعیرانی هاوچەرخمان شێوازی فۆرمی بەکارهێنراوی شیعرکۆن ڕەتبکەنەوە، هەر لە ڕێگەی دەنگەکان- فۆنیمەکانی زمان و بە گونجاندن لەگەڵ لایەنی دەرونی و نەستی خۆیان یەکبگرن و شێوازێکی نوێتر لە ئاوازی شیعری کۆن پێشکەش بکەن.

لەم ڕوانگەیەوە هەر وشەیەک لە دەنگێکی (بزاوت و کپ) یان زیاتر پێکدێت، دواتر دەنگەکان دەبنە (پیت) لە ئاستی نوسینەکی، هەر دەنگێکیش هێمای نوسینەکی خۆی هەیە، دواتر لە ئاستی گەورەتر- ئاستی وشەدا بەپێی ئەو سیستەمە دەنگسازییەی (یاسا دەنگییەی)، کە لە زمانەکە لەسەری ڕێککەوتون؛ پیشاندەدرێن، زۆرجار دەبینین

لە دەقەکان بەگشتی و دەقی شیعری بەتایبەتی، وشەکان هەندێ گۆڕانکارییان بەسەرداهاتوە، بەتایبەت کاتێک وشەکان دەچنەپاڵ یەکتر لە ئاستێکی گەورەتر-ڕستە، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە نابێتە هۆی لێڵی و ناڕونی لە واتاکەی و شاردنەوەی سیمای ڕەسەنی وشەکە، چونکە زۆرجار گۆڕانکارییەکان بەشێوەیەکن لەگەڵ فۆنەتیک و شێوازی گۆکردنی زمانەکە یەکدەگرێتەوە و ڕێکدەکەون، تەنانەت لە ژیانی ڕۆژانەش زۆرجار بێ مەبەست و بەمەبەست بەکاردەهێنرێن، تاکەکانیش بە ساناى هەستی پێدەکەن و تێیدەگەن، بۆیە لەم ڕووەوە باس لە دیاردەکانی لادانی دەنگی وشەکانی زمانی کوردییدا دەکەین و نمونەی شیعریش دەکەینە پێوەری جوانی و ستاتیکی بونی دەق، لە لایەنی ئاوازی ناوەوە، ئەوانیش:

## یەک: کرتاندنی دەنگ:

لە زۆربەی توێژینەوە شێوازگەرییەکاندا هەریەکە لە زاراوەکانی: (لابردن، سوان، کرتان، قوتکردن، خستن، پەڕاندن-پەڕین، تێچون) بەچاودەکەون، کە هەموویان بۆ یەک مەبەست بەکارهاتون، ئەویش (کرتاندن)ە، کرتاندنی دەنگیش بریتییە لە (تێچونی دەنگێک یان زیاتر لە فۆڕمێک یان لە وشەیەکدا، کە مەبەست لێی ئاسانکردنی دەربڕینە)(خۆشناو، ٢٠١٣: ٨١)، واتە لابردنی دەنگێک یان زیاتر، لە دەربڕین و گۆکردن لە پێکهاتەی وشەیەکدا.

لەم سۆنگەوە هەرچەندە ئەم پێناسەیە لەڕوانگەی زمانی (ئاخاوتنی ڕۆژانە- ئاسایی)یەوە بۆ ئەم دیاردەیەکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێکهاتەی زمانی نوسین بەگشتی و زمانی شیعریی بەتایبەتی بەدەرنین لەم کرتاندن و پەڕاندنەی دەنگ، لەم ڕوانگەیەوە سوانی دەنگ؛ بریتییە لە پەڕاندن و کرتاندنی دەنگێک-پیتێک یان زیاتر لە پێکهاتەی نوسینی وشەییەکدا، بەو مەرجەی واتا فەرهەنگییەکەی لەدەستنەدات، زۆرجار ئەم دیاردەی کرتاندنە، کە خۆی جۆرێکە لە لادانی وشەیی لە چنینی دەقی شیعرییدا بەڕونی بەرچاودەکەوێت، مەبەستی بەکارهێنانیشی بەخشینی ئاوازێکی خۆشە بەدەقەکە، سەرەڕای سانایی و ڕەوانییەکەی لە دەربڕین و خوێندنەوەدا.

بە واتایەکی دی لە ئەگەر لە زمانی ڕۆژانەدا هۆکاری جوگرافی و ناوچەیی لەدوای سوان و کرتاندن دەنگێک یا چەند دەنگێک لە وشەیەکدا بن، یان بە مەبەستی وزەپارێزی و ئابورییانەی دەربڕینەکان بەکاربێن، ئەوا سوان و لابردنی دەنگ-پیت لە ناو دەقی شیعرییدا مەبەستی ستاتیکی بونی و جوانکاریی لەپشتەوەیە، پێگیربونە بە بنیاتی ئاوازی شیعر، وەک: لە (کێش و سەرواى شیعری لە ئاوازی دەرەوە)دا، سوانی دەنگێک بەمەبەستی خۆشگۆکردن و نەوایەک لە بۆ ئاوازی ناوەوە، چونکە ئەم کرتاندنە ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر مۆسیقای گشتی و بە تایبەت مۆسیقای ناوەوەی شیعردا هەیە، ناهێڵێت مۆسیقاکە لەنگی تێبکەوێت و لێکدابڕێت، هەرچەندە سوانی دەنگ بەشێوەیەکی بەرچاو لە شیعردا بەکاردێت، بەڵام ئەمە نەبۆتە هۆی شێواندن و لەنگی لە دەقەکە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بۆتە ئەدگارێکی شێوازی جوانبەخشی شیعریی و وەک هونەرێکی جوانکاریی وشەی ئەژمار دەکرێت، کە کاریگەری لەسەر ئاوازدا هەیە، بەتایبەت ئاوازی ناوەوەی شیعر لە شیعری ئەم قۆناغەدا، چونکە شاعیران لەناو خودی زماندا هەوڵی شڵەقاندن و تەقاندنەوەی گۆمی مەنگی زمانییان داوە.

پۆلینکردنەکان بۆ ئەم دیاردەیە بەپێی جۆری دەنگەکان و شوێنی پێکهاتەی دەنگ لەوشەدا دەگۆڕێت، بەواتایەکی تر دیاردەی تێچونی دەنگ لە وشەدا لەلایەک لە چوارچێوەی جۆری ئەو دەنگانەدایە کە وشەکە پێکدێنن، پێکهاتەی وشەش لە زمانی کوردییدا، لە دەنگی (بزوێن و بزاوت ـ کپ نەبزوێن)پێکدێت، کەواتە تێچونەکەش لە

دەنگی بزوێن و نەبزوێندا دەبێت، لە لایەکی دی کرتاندن بەپێی پێکهاتەی وشە و شوێنی دەنگ لە وشە (سەرەتا- ناوەڕاست - کۆتایی) دابەشدەکرێت:

یەکەم: کرتاندنی دەنگی بزوێن: دەشێت بەپێی جۆر و شوێنی کرتاندن بزوێنەکانیش دابەشبکرێن بۆ:

١ /کرتانی بزوێنی کورت /(ە، و، i.)

١ :کرتاندنی دەنگ لە ناوەڕاستی وشە :

٢ :کرتاندنی دەنگ لە کۆتایی وشەدا

٢ /کرتانی بزوێنی درێژ/ (ا، ۆ، ێ، و).

١. کرتاندنی دەنگ لە ناوەڕاستی وشە :

٢ :کرتاندنی دەنگ لە کۆتایی وشەدا

+ کرتاندنی دەنگی بزوێن: دەشێت بەپێی شوێنی کرتاندنەکان نەبزوێنەکانیش لە وشەدا دابەشبکرێن:

١ :کرتاندنی دەنگ لە سەرەتای وشەوە: ... ە: ت، ب، د.......،،

٢ :کرتاندنی دەنگ لە ناوەڕاستی وشە: ت، ب، د....

٣ :کرتاندنی دەنگ لە کۆتایی وشەدا: ت، .......

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کرتاندنەکە زیاتر لە دەنگی (نەبزوێن)دا دەکرێت، ئەگەر (بزوێن)یش داهات زۆرجار (نەبزوێن)ێکی لەگەڵدا دەبێت. وەک لەم وشانە: (هالۆ، ٢٠١١: ٩١)

نوسیندا و لە دەقێکی شیعری بەرجەستەدەبێت جگە لەم مەبەستانە مەبەستێکی تری هەیە، کە دەشێت بە مەبەستی سەرەکی دابنرێت، ئەویش پێدانی ئاوازێکی خۆشە بە دەقەکە، ئەم کرتاندنەش زۆرجار بەهۆی ڕێکخستن و گونجانی وشەکەیە لەگەڵ وشەکانی دیکەی لە ئاستی ئاسۆیی و ستونی، تا وەک یەیەکەیەکی ئاوازەیی بەهێز لە دەقدا دەربکەون.

بۆ نمونە لەم چەند دەقە شیعرییەی هاوچەخی کوردی کە دوای ڕاپەڕین نوسراون، بەم جۆرە لادنی بەهۆی تێچونی دەنگەوە تێکراوە، بەم شێوەیە:

+(ڕەفیق سابیر) لە بەشێکی شیعری (ڕێگاکان ناپاکترین دەلیلن)دا، دەڵێت:

مەگری گیانە

کەی ئەمشەو کاتی گیاندانە!

لەوەتەی هەین

لەجەنگێکەوە بۆ مەرگێ

لە مەرگێکەوە بۆ جەنگێ (سابیر، ٢٠١٤ : ٤٢١)

شاعیر لە هەردو بەشی دێری چوارەمدا و لە هەریەکە لە بەشی کۆتایی وشەکانی؛ (مەرگێ) و(جەنگێ)، دەنگی کپی (ک)ی کرتاندوە، ئەمەش لە پێناو جوتبونی سەروا و دوبارەنەبونەی چەند جارەی پیتی (ک)، بەڵام ئەمە نەبۆتە هۆی لادانی واتایی؛

مەرگێ= مەرگێک، کرتاندنی دەنگی (ک) لە کۆتایی وشەکەدا، کە خۆی (ێک) نیشانەی نەناسراویە، بۆتە(ێ).

جەنگێ= جەنگێک، کرتاندنی دەنگی (ک) لە کۆتایی وشەکەدا، کە خۆی (ێک) نیشانەی نەناسراویە، بۆتە(ێ).

جگە لەوەش وشەی (کات)ی لە ڕستەی سێیەمدا کرتاندوە؛ لەوەتەی هەین = لەوکاتەی هەین.

+ (فەرهاد پیربالّ) لە بەشێکی تری شیعری (پەناهەندەی ژمارە ٣٣٣ ٣٣)دا، دەنوسێت:

بە زەبونی و لانەوازی لەو شارەی خۆیدا سەری نابۆوە:

گشت ئێوارەیەک کاتێ بەخۆی و گۆچانە فێدارەکەیەوە دەگەڕایەوە ماڵ

مندالّە هورتکەی گەڕەک بەردیان تێدەگرت و پێیان ڕادەبوارد (پیربالّ، ٢٠١٣: ١٢٠)

لەم چەند ڕستە شیعریەشدا چەندین لادانی دەنگی تێدایە، بەم شێوەیە:

سەری نابۆوە = سەری نابویەوە، ئەمەش لە ئەنجامی گۆڕینی دەنگی بزاوتی درێژی(و) بۆ (ۆ) و کرتاندنی دەنگەکانی (ی)ی کپ و (ە)ی بزاوت، واتە تێچونی برگەی (یە)، بەمەبەستی ئاسنکاری لەدەربڕین و پێدانی ئاوزێکی خێراتر و بەچێژتر بە بنیاتی ئاوازی دەقەک.: کاتێ = کاتێک، تێچونی دەنگی کپی (ک).

+ (مەهاباد قەرەداغی) لە بەشێکی شیعری (هەڵوەرین)دا، دەڵێت:

شەوێ هەور لەگەڵ شاخا نوست

سکی بە کانییەک پڕ بو

ئێستا کانی کچی هەقی شاخ و هەورە (قەرەداغی، ٢٠١٣ : ٣٢٠)

شاعیر لە هەریەکە لە واژەکانی (شەوێک) و (شاخدا)، جۆرێک لادانی دەنگی ئەنجامداوە، بەمەبەستی سوککردن لە گۆکردن لای خوێنەر و پێدانی نەوایەکی خۆش و دڵگیر بە وەرگر، بۆیە کردونی بە (شەوێ، شاخا)، واتە: -شەوێ = شەوێک، کرتاندنی دەنگی کپی (ک) لە نیشانەی نەناسیاوی:(ێک)، کاتێک چۆتە سەر وشەی (شەو).
-شاخا = شاخدا، کرتاندنی دەنگی کپی (د) لە ئامرازی دانەپالّی (دا) دا، کاتێک چۆتە سەر وشەی (شاخ).

+ (ئازاد سوبحی) لە بەشێکی شیعری (چەند ڕۆژێک لەیەک وەرز) دا، دەڵێت:

تێدەگەی..

ئەوکاتە لە حەقیقەت دەگەی...

کە هاوڕێکەت بۆت دەگری

بۆت دەگری و فێڵەکانی تۆی

لە پێکەنینەکانییدا شاردۆتەوە (سوبحی، ٢٠١٥ : ٥٦)

شاعیر بەمەبەستی پێدان و ئاواز و نەوایەکی خۆش بە بنیاتی ئاوازی دەقە شیعرییەکەی لەچەند ڕستەیەکدا لادانی دەنگی بەهۆی بە کرتاندنەوە ئەنجامداوە، وەک هەریەک لە وشەی (تێدەگەی، دەگەی، دەگری، دەگری) لە ڕستەی شیعریی (یەکەم و دوەم و سێەم و چوارەم)دا کە دەنگی کپی (ت) کرتاندوە، کە خۆی لە بەشێک لە جێناوی لکاو بۆ کەسی دوەمی تاک (یت)، بەڵام بە کرتاندنی (ت)، (ی) لە پیکهاتەی جێناوەکە شبۆتە شوێنگرەوەی واتاییەکەی و لێڵی دروستنەکردوە، جێناوەکەش بۆ هاوڕێکەی دەگەڕێتەوە، واتە لە بنەڕەتدا بەم جۆرەیە: (تێدەگەیت، دەگەیت، دەگریت، دەگریت)

شاعیر لە وشەی(دەسپێرمە) کرتاندنی لە بەشێکی ئامرازی پەیوەندی (بە) کردوە، چونکە لە بنەڕەتدا کارە ڕانەبردوەکە بەم شێوەییەیە؛ (دەسپێرم بە) کەچی بە کرتاندنی دەنگی کپی(ب) و لکاندنی بزاوتە(ە) بە جێناوی لکاوی (م)ی کەسی بەکەمی تاک، هەروەها لە ڕستەی کۆتایی وشەی (ئەستێرە تەڕ) لە بنەڕەتدا (ئەستێرەی تەڕە) و دەنگی کپی(ی) لە نێوان دوشەکەدا کرتێندراوە.

+(چنار نامق)یش لە بەشێکی شیعری (ڕۆمانسیەتی من و ئاگر)دا، دەڵێت:

پێکەکان بیریان دەچێت بمخۆنەوە..
نە ڕۆژ دەس لەخۆر هەڵدەگرێ
نە تاریکی دەس لەئەستێرە بەردەدا... (زامدار، ٢٠٠٤ : ١٨)

شاعیر لەم دو ڕستی شیعرییەدا، کرداری کرتاندنی دەنگی ئەنجامداوە، هەروەک لە ڕستەی یەکەم و دوەم لە وشەی، دەنگی کپی(ت)ی لە وشەکانی (دەست) کرتاندوە و کردویەتی بە (دەس)، بێئەوەی لە واتای فەرهەنگی بگۆڕێت، هەروەها لە ڕستەی یەکەمدا لە وشەی (هەڵدەگرێ)، بەهەمان شێوە دەنگی کپی (ت)ی کرتاندوە، ئەم کرتاندنانەی دەنگی(ت)یش لە بنیاتی دەقەکە بەمەستی نەوایەکی لەسەرخۆ و نەرم و دور لە دەنگی ڕەق و توندە.

+ (چۆمان هەردی) لە بەشێکی شیعری (پەسەندکردن) دا، دەڵێت:

بیرمان نەچێ بۆگوڵەکان
بڕیاریان دا ئەو بارانە نەخۆنەوەو
لەباتیا پیربونی خۆیان هەڵبژارد
بیرمان نەچێ ئەستێرەیەک بۆئاسمانی بە بریقەی نیوە شەوی
بەجێهێشت و لە تەنیایی بێ دەنگیا ڕۆحی سپارد
بیرمان نەچێ خۆر و مانگ بۆ لێک عاجز بون،
شەو و ڕۆژیان لەنێو خۆیاندا دابەش کرد.
بەردەکان تاوانبار نەکەین بۆ بێدەنگی و مەتینیان
جۆگەکان تاوانبار نەکەین بۆ بێ سەبری و شێتێتیان.
بیرمان نەچێ دڵخۆشی شاخ بدەینەوە کەبەدوای هەورێکدا دەگریی.
دەبێ فێربین ڕەنگە جیاکانمان خۆشبوێ.(هەردی، ب،س: ٢٧)

بەگشتی ئەوەی لە سەراپای لادانی دەنگی ئەم دەقە بەدیدەکرێت، بەهۆی کرتاندنەوەیە، وەک؛ لە ڕستەی یەکەمدا لە وشەی (نەچێ)، لە ڕستەی سێیەمەدا لە وشەی (لەباتیا)، لە ڕستەی چوارەمدا دوبارە وشەی (نەچێ)، لە ڕستەی پێنحەمدا لە وشەی (بێ دەنگیا)، لە ڕستەی شەشەمدا بۆجاری سێیەمدا لە وشەی (نەچێ)، و ڕستەی حەوتەمدا لە وشەی (لەنێو)، دەنگێک یان چەند دەنگێک کرتێندراون، بەم شێوەیە:

لە هەرسێ شوێندا وشەسی(نەچێ) = بنەڕەتەکەی (نەچێت)، بەمەش کرتاندن لە بەشی کۆتایی وشەکە لە جێناوی لکاوی (ێت) بۆ کەسی دوەمی تاک بۆ کاری ڕانەبردو، لە حاڵەتی نەرێدا (ت) کرتێندراوە، بە مەبەستی سانایی لە گۆکردن و پێدانی ئاوازێکی خۆش بە ڕەوتی بنیاتی ئاوازی دەقەکە.

– هەریەکە لە وشەکانی لەباتیا / لە بێ دەنگیا، لە بنەڕەتدا برتیتن لە: (لە باتیدا/ لە بێ دەنگیدا)ن لێرەدا کرتاندنی برگەی (دا) لە بەشی کۆتایی هەردو وشەکە ڕویداوە، چونکە هەمیشە لە دوای جێناوی نیشانەی (لە)، (دا) دێت، بەم شێوەیە: لە.......دا، بەڵام (دا) کرتاوە.

هەروەها لەبەشێکی شیعری (دڵنیایی)دا، دەڵێت:

ئەو پیاوەی ئەم ئێوارەیە جانتاکەی بەشانیداو
ژورەکەمی چۆڵ کرد لەخۆی. (هەردی، ب.س. : ١٦)

دەستەواژەی (جانتاكەی بەشانیدا)، لە بنەڕەتدا بەم شێوەیەیە: (جانتاكەی دا بەشانیدا)) یان (جاتاكەی دابەشانیدا)، واتە لە هەردو حاڵەتدا برگەی (دا) یان باشتر بڵێن دەنگی كپی(د) و بزاتی درێژ(ا)ی لێكرتێندراوە، ئەمەش بەهۆی هەبونی قەدی كاری (دان) كە (دا)یە لە ڕستەدا بونی هەیە، بۆیە شاعیری وای بەچاكتر زانییوە؛ لەم دو (دا)یە كە یەكێكیان (پاشگرە) و ئەویتر (قەدی كار)ە، (پاشگر)ەكە بكرتێنێت، تاكو خۆش بێتە بەرگوێ و لە ڕویی ئاوازەییەوە و لە خوێندنەوەش دوبارە نەبێتەوە، چونكە شوێنی هاتنیان لە ڕێكخستنی ڕستە شیعرییەكەدا زۆر لە یەكتر نزیكە.

+ (چنار نامق) لە بەشێكی شیعری (كەمانگ دەنوێت، ئەستێرەكان مەكوژێنەوە)دا، دەڵێت:

ئەستێرەكان مەكوژێنەوە

كە ڕۆشتی بیرەوەرییەكانم جێبێڵە

شەڕی ڕۆژگارم پێناكرێت (حەسەن، ٢٠٠٤ : ٢٧)

شاعیر لە ڕستە شیعری دوەمدا، لە هەریەكە لە وشەكانی (ڕۆشتی و جێبێڵە)، هونەری كرتاندنی بەكارهێناوە، چونكە لە بنەڕەتدا: (ڕۆیشتی) و (جێبهێڵە)یە، بەمەش لادانی لە پێكهاتەی دەنگی وشەكاندا كردوە، ئەویش كرتاندنی دەنگی كپی (ی) لە كاری (ڕۆیشتی) و دەنگی كپی (هـ) لە ناوەڕاستی كاری فرماندان/داخوازی (جێبهێڵە)، بەڵام وشەكان واتا ڕەسەنەكەیان لەدەست نەداوە.

+ (ئەرخەوان) لە بەشێكی شیعری (كاتێ خۆشەویستی ئەبێ بە ئاگر و خەم)دا، دەڵێت:

تۆخەمێكی

لەسۆمای چاوەكانمەوە

هەڵئەقوڵێ

تۆ خەمێكی

لەگەڵ بێدەنگیما

ئەدوێ

تارایەكی ڕەشی بەسەر پێكەنینما

ئەدرێ قوڵپی گریانێكی بەكوڵ

پاڵ بە فرمێسكەكانمەوە ئەنێ (ئەرخەوان، ٢٠٠٤ : ١٣٥)

شاعیر بەهۆی كرتاندنی دەنگێك یان زیاتر لە پێكهاتەی وشەدا دەقەكە بەرجەستەكاری لادانی دەنگییە، وەك: هەر لەم وشانەدا: (هەڵئەقوڵێ، ئەدوێ، ئەدرێ، ئەنێ)، دەبینین كە دەنگی (ت) تێچوە، بەمەش كرتاندن لە بەشی كۆتایی وشەكە لە جێناوی لكاوی (یت) بۆ كەسی دوەمی تاك بۆ كاری ڕابردو (ت) كرتێندراوە، بەمەبەستی سانایی لە گۆكردن و پێدانی نەوایەكی دڵگیر بەڕەوتی بنیاتی ئاوازی دەقەكە، لە لایەكیتر لە دەستەواژەی (بەسەر پێكەنینما)، دەنگی (د) كرتێندراوە، لە بنەرەتدا (بەسەر پێكەنینمدا)یە.

لەلایەكی تر جۆرێكی تری لادانی تێدایە وەك لە شێوازی نوسینی ئەم شیعرە دیارە، سەرەڕای ئەوەی كە سەر بە زاری كرمانجی ناوەڕاستە، بەڵام شێوەزاری سلێمانی تێدابەدیدەكرێت، ئەویش بەهۆی (گۆڕانی دەنگ)[*]ی كپی (د) بۆ دەنگی كپی (ئـ)، وەك لەم وشانەدا بەچاو دوەكەوێت: (هەڵئەقوڵێ، ئەدوێ، ئەدرێ، ئەنێ) شێوەزاری

---

[*] دواتر بە وردی لێ دەدوێین.

سلێمانی=(هەڵدەقوڵێی، دەدوێی، دەدڕێی، دەنێی) شێوەزاری هەولێر. بەمەش لە هەر وشەییەکدا دو لادانی دەنگی بەدیدەکرێن و دەقەکە بەهێزتر دەردەکەوێت.

+(موحسین ئاوارە) لە بەشێکی شیعری (ژەهر)دا، دەڵێت:

ژەهر تاڵە، تێکەڵی هەنگوینی کەیت، شیرن دەبێت.(ئاوارە، ٢٠١٤، بەرگی یەک: ٣٢٥)

شاعیر لە پێناو ئاواز و نەوایەکی دڵگیر و خۆش، لادانی دەنگی لە چەند وشەیەکدا کردوە، وەک: لەم ڕستە شیعرییەدا، هەریەک لەوشەکانی (کەیت، شیرن)، لادانی دەنگی بەهۆی کرتاندنەوە کردوە، چونکە لە بنەڕەتدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە؛ (تێکەڵی هەنگوینی بکەیت)، واتە دەنگی کپی(ب)کرتاوە، هەروەها لە ئاوەڵناوی (شیرین)ی کردوە بە (شیرن)، بەمەش دەنگی بزاوتی (ی) لەناوەڕاستی وشەکە کرتاندوە.

## دو: گۆڕانی دەنگ:

مەبەست لە گۆڕانی دەنگ ئەوەیە کە دەنگێک یان زیاتر لە وشەیەکدا بگۆڕدرێت بە دەنگێک یان چەند دەنگێکیتر، بەبێ ئەوەی ئەو گۆڕانە ببێتە هۆکاری گۆڕینی دەلالەتی وشەکە، واتە وشەکە (لە دو فۆرم یان زیاتر بەهەمان واتا دەردەکەوێت، هەندێکجار هەردو فۆرمی وشەکە لەیەک زاردا- شێوەزاردا- هەن، جاری واش هەیە هەرفۆرمەی لە زارێکی تایبەت بەکاردێت) (فەتاح ،٢٠١١: ١١٨)

هەرچەندە ئەم گۆڕانە زیاتر لە زمانی ئاخاوتن (قسەکردن - ڕۆژانە)بەکاردێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕینی (دەنگ – پیت/ تیپ) ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە دروستکردنی ئاوازیی شیعری بەگشتی و ئاوازی ناوەوەی شیعر بەتایبەتی، چونکە ئەم گۆڕانە لەشیعردا زۆرجار دەبێتە مایەی سەرنجی خوێنەر لەلایەک و لەلایەکی تریش دەبێتە خاڵێکی بەهێز و بەپێز لە چنین و دەرخستنی ئیستاتیکی دەقەشیعرییەکە و بە سیمایەکی جوانی دادەنرێت.

بۆیە دەکرێت بگوترێ کە گۆڕانی دەنگ- دەنگگۆڕکێ؛ بریتییە لە ئاڵوگۆڕکردن و سەوداکردن لە نێوان (تیپ-پیت-دەنگە بزوێنەکان خۆیان) و (پیتە-دەنگە نەبزوێنەکان خۆیان)دا، بەبێ ئەوەی ئەم گۆڕانە ببێتە هۆی لەدەستدانی واتا فەرهەنگییەکەی، زۆر بەکەمیش ئەم گۆڕانە لە نێوان دەنگی/ پیت (بزوێن- بزاوت) ڕودەدات، بەڵکو زیاتر لە نێوان دەنگە (کپ/ نەبزوێن)ەکاندا بەدیدەکرێت، وەک:

خانوەکە = خانییەکە ــ بزاوت / ئاسمان = عاسمان ـ کپ / پشدەر = پژدەر ــ کپ

بۆیە گەر سەیری شیعری ئەم قۆناغە بکەین دەبین کە ئەم جۆرەی لادانی دەنگییەش زۆر باوە، هەروەک لەم چەند نمونە شیعرانە هاتون:

+ (ڕەفیق سابیر)ی شاعیر لە بەشێکی شیعری (لە خۆرگیرانی کۆڵانەکەدا) دا، دەڵێت:

لە هەرێمی بەستەلۆکدا بە تاڵەتیشک

تابلۆی مانگێکی قوپاو

مانگێکی شکاو

لەسەر ئاو دەکێشیت

بەڕوی شەپۆلێکی شلوێدا دەقیژێنیت:

منم پشکۆ! (سابیر، ٢٠١٤ : ٣٧٧)

شاعیر لە بەشی دوەمی ڕستەی یەکەمدا کاری (قۆپاو)ی، کە چاوگەکەی (قۆپان)ە بۆ (قوپاو)، بەم شێوەیە:

قوپاو = قۆپاو / گۆڕینی واتە گۆڕێنی دەنگی - پیتی بزوێنی (ۆ) بۆ بزوێنی (و).

+(کەژاڵ ئیبراهیم خدر) لە چەند ڕستەیەکی شیعرییدا، لە شیعری (تریفەیەک لە ئاوێنەی ڕومدا)دا، دەڵێت:

وەکو شەپۆلی دەریا هاژە ئەکەم

دەنگم ئەگەیینم بەخودا

دڵم ئەبێ بەئەستێرەی ئەرخەوانی

شیعرم بەچرای سەر قەڵا.(خدر، ٢٠١٥، ب١ : ٥٦١)

وەک دەبینین شاعیر لە هەریەکە لە وشەکانی (ئەکەم، ئەگەیینم، ئەبێ) جۆرێک لادانی دەنگی کردوە، ئەویش بە گۆڕێنی دەنگی کپی (د) بۆ دەنگی کپی (ئ)، کە ئەمەش زیاتر تایبەتە بە شێوەزاری ناوچەی سلێمانی، بەم شێوە:

ئەکەم= دەکەم، گۆڕێنی دەنگی کپی (د) بۆ دەنگی کپی (ئ) لەسەرتای وشەکەدا.

ئەگەیینم = دەگەیینم، گۆڕێنی دەنگی کپی (د) بۆ دەنگی کپی (ئ) لەسەرتای وشەکەدا.

ئەبێ = دەبێ، گۆڕێنی دەنگی کپی (د) بۆ دەنگی کپی (ئ) لەسەرتای وشەکەدا و تێچونی دەنگی کپی(ت)، لە کۆتایی وشەکە، بەم کرتاندن و گۆڕینانەش؛ شاعیر نەوایەکی هێمن و ئارامی بە دەقەکە بەخشیوە.

+ هەروەها (فەرهاد پیربال) لە بەشێکی تری شیعری (پەناهەندەی ژمارە ٣٣٣ ٣٣) دا، دەنوسێت:

گشت ئێوارەیەک کاتێ بەخۆی و گۆچانە فێدارەکەیەوە دەگەڕایەوە ماڵ

منداڵە هورتکەی گەڕەک بەردیان تێدەگرت و پێیان ڕادەبوارد (پیربال، ٢٠١٣: ١٢٠)

منداڵە هورتکەی = منداڵە وردکە یان منداڵە ورتکە، بەمەش بە بەراورد بە هەردو دۆخدا توشی گۆڕینی دەنگ هاتوە، ئەویش گۆڕێنی دەنگی کپی(و) سەرتای وشەکە بۆ دەنگی (هـ) و، گۆڕینی دەنگی کپی(د) بۆ (ت) بەهۆی شوێنی دروستبونیان لە فۆنەتیکی زماندا، کە دەکەونە بەشی پێشەوەی زمان.

+(ئەرخەوان)یش لە بەشێکی شیعری (تاوسییەکانی عەلی) دا، دەڵێت:

ئێستا نازانم چاوەکانی عەلی

پڕئەفسون ترن

یا چاوی ئەو کوندەپەپوانە؟(ئەرخەوان، ٢٠٠٤ :٣٩)

شاعیر لێرەدا وشەی (کوندەپەپوانە)ی بەکارهێناوە، کە خۆی کۆکراوەی وشەی (کوندەپەپو)ە و بەهۆی نیشانەی کۆ(ان)، بۆتە (کوندەپەپوانە)، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە وشەکە دو لادانی دەنگی تێدا بەدیدەکرێت

لە جاری یەکەمدا بەهۆی شێوەزارەکانەوە، واتە لە زاری سلێمانی (کوندەپەپو) یان (کوندە پەپۆ)، کەچی لە زاری هەولێریدا (کوندەبەبۆ)یە، بەمەش لادانی دەنگی تێدایە بەهۆی، گورێنی دەنگی کپی (ب) بۆ (پ) لە دوجاردا و دەنگی بزاوتی (و/ و) بۆ (ۆ).

+ (بەختیار عەلی) لە بەشێکی شیعری (هاوارەکانی ئەهریمەن) دا، دەڵێت:

ئەوپیاوەی لێرەوە دێت و ڕستەکانی خۆڵی بیابانن،

پەڕەگرافەکانی زیخی بەجێماوی تۆڤانن،وتارەکانی بێدەنگی سەرپلەکانی مردنن...

دێت و سەیری پەنجەرەیەک دەکات پڕە لەوشەی بابردو... (عەلی، ٢٠١٩: ٣٢٨)

شاعیر لەم دەقە لادانی دەنگی، ئەویش بە هۆی دەنگی (ڤ) لە وشەی (تۆڤان) کردوە، کە خۆی (تۆفان)ە، بەمەش گۆڕینی دەنگی کپی (ف) بە دەنگی (ڤ) گۆڕیوە.

+(تارا هەولێری) هەر لە بەشێکی شیعری (چەند پەیڤێک لە چاوەڕوانیدا)، دەڵێت:

وەرە بەرلەوەی کوندەبەبۆ
گۆرانی ویرانە ویرانەم
بۆبڵێتەوە..
وەرە نێو سیەکانم.... (هەولێری، ٢٠٠٤ : ١٧)

هەریەکە لە وشەکانی (کوندەبەبو) و (نێو سیەکانم) توشی لادانی دەنگی هاتون، بەهۆی گۆڕینی دەنگەوە، کە هۆکارەکەشی بۆ شێوەزارەکانی زاری کرمانجی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە:

زاری هەولێری (کوندەبەبۆ) = زاری سلێمانی (کوندەپەپو) یان (کوندە پەپۆ)، واتە گۆڕینی دەنگی کپی(پ) بۆ (ب) لە دوجاردا و دەنگی بزاوتی (ۆ) بۆ(و/ و).

هەروەها وشەی (نێو سییەکان) لە شێوەزاری سلێمانی و هەبونی بە شێوەیەکیتر لە شێوەزاری هەولێر کە (لەناو)ە، بۆیە گۆڕینی دەنگی بزاوتی (ا) بۆ بزاوتی(ی).، ئەوەی جێگای ڕامانە شاعیر هەردوشێوەزاری بەکارهێناوە.

+(چۆمان هەردی) لە بەشێکی شیعری (پەسەندکردن...) دا، دەڵێت:

بیرمان نەچێ خۆر و مانگ بۆ لێک عاجز بون،
شەو و ڕۆژیان لەنێو خۆیاندا دابەش کرد. (هەردی، ب،س: ٢٧)

کەچی لە وشەی (لەنێو)= کە خۆی لە بنەڕەتدا (لەناو)، دەبینین بزوێنی درێژی (ا) گۆڕدراوە بۆ بزوێنی درێژی(ێ)، ئەمەش زیاتر لە شێوەزاری ناوچەی دەشتی پشدەر و بیتوێن، ڕانییە و قەڵادزەدا باوە، بەهۆی نزیکی و کاریگەری شێوەزاری ناوچەی موکریان.

## سێ: **خستنەسەری دەنگ:**

ئەمەش پێچەوانەی کرتاندنە، کە دەنگێک/پیتێک یان زیاتر لەپێکهاتەی وشەیەکی زمانەکە زیاددەکات، ئەم لادانەش زۆرجار ڕەنگە لای گوێگر و خوێنەر و وەرگری زمانەکە هەستی پێدەکرێت ئەویش بەهۆی ئەوەی وشەکان واتا ڕاستەقینەکەی خۆیان نادۆڕێنن و لەسنوری ئەرکە واتاییەکەی خۆیان دەمێننەوە.

لەم دیدگەوە خستنەسەری دەنگ؛ بریتییە لە خستنەسەری (دەنگێک/پیتێک)یان زیاتر بۆ سەر پێکهاتەی وشەیەکی فەرهەنگی زمانەکە، کە لە دەربریندا، بەجۆرێک وشەکە بەواتای خۆی دێت، بەڵام کاتێک خستەسەری دەنگ لە دەقی ئەدەبی بەگشتی و زمانی شیعریی بەتایبەت ڕودەدات، بە خستنە سەری دەنگێک/پیتێک بەجۆرێکە کە واتا فەرهەنگییەکەی لە بنیاتی دەقەکەدا ون ناکات و ناگۆڕێت، بەڵکو تەنیا شێوازی ڕێنوسەکەی لە شێوازە نوسینە ئاسایی و ڕەسەنەکەی جیادەبێت، ئەویش بەمەبەستی پێدانی جۆرە ئاواز و نەوایەک، زۆرجاریش بە مەستی گونجان و هاوسابون و هاوڕێکی برگەی دێرە شیعرییەکانە.

بەواتایەکی هەر وشەیەک لە زمانی کوردییدا بنەڕەتێکی تایبەت بەخۆی لە پێکهاتندا و یەکگرتن و چونەپاڵییەکی دەنگی/پیت هەیە، بەڵام زۆرجار بەهۆی (هۆکاری زار و شێوەزار، یان کاتێک دو بزوێن دەکەون پاڵیەکتری)(خۆشناو،٢٠١٣: ٩١-٩٢) دەنگێک/پیتێک، یان زیاتر لەپێکهاتەی وشەیەکدا پەیدادەبن.

ئەوەی جێگای سەرنجە زۆرجار خستنەسەر بەهۆی پێویستییەکی ڕێزمانی لە پرۆسەی نوسیندا ڕودەدات، کە ڕەنگە لە دەربڕین ـ گۆکردندا هەستی پێنەکرێت، وەک: (خانی+ ەکە = خانییەکە/ خانی + ی+ یەکە، واتە زیاکردنی

پیتی کپی (ی) بەهۆی ئەوەی کە دەستوری پێکهاتەی وشە لە زمانی کوردی ڕێگەنادات دو بزوێن بەدوای یەکتردابێن، یان وایە جاری خستنەسەرەکە بەهۆی زار و شێوەزارەوە دەبێت، زۆرجاریش لە پرۆسەی چنینی بنیاتی دەق تەنیا لەپێناو بەخیشینی ئاواز و نەوایەکی بە چێژ و بەسۆزە و گونجاندنی وشەکەیە لەگەڵ وشە و دەستەواژێکانی ناو دەقەکە لەهەریەکە ئاستی ئاسۆیی و ئاستی ستونییدا.

لەزمانی کوردیشدا پەیدابونی دەنگ دو جۆرە، واتە دەشێت خستنەسەر لە هەریەکە لە (دەنگە بزاوات-دەنگدار) و (دەنگە نەبزاوت-کپ)ەکاندا بکرێت، بۆیە شاعیریش بۆ پێدانی سیمایەکی جوان و ئاوازێکی خۆش بە دەقە شیعرەکەیی و سەرنجڕاکێشانی پەنای بۆ دەبات، ئەم دیاردەیەش لە شیعری شاعیرانی ئەم قۆناغەش ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام بە بەراو جۆرەکانی تری لادانی دەنگی کەتر بەکارهاتوە، وەک لەم نمونانەدا دەیانخەینەڕو:

+(سامان دزەیی) لەشیعری (سێبەری جۆتەکان)دا، ئەم جۆرە لادانەی پەیڕەو کردوە:

نیازمە لەبری ژمارەکە
هەمو گەردونی نامۆیی
سەرنشێواوی ئامێردەکان
لەسفری سەر هەروی بدەم
کۆتایی بەتەختی بون بێنم (دزەیی، ١٩٩٩ : ٥٩)

وشەی (ئامێردەکان) لەبنەڕەتدا (ئامێرەکان)ە، کەپێکهاتوە لە: وشەکە ئامێر + ەکە (نیشانەی ناسیاوی) + ان (نیشانەی کۆ) = ئامێرەکان، بەڵام شاعیر پیتی (د)ی خستۆتە نێوان وشەکە و نیشانەکانی تر، بەمەش لەفەرهەنگی ڕێزمانی لایداوە، خوێنەریش هەر زو هەست بەم جۆری لادانە دەکات، بەڵام واتای فەرهەنگی نەگۆڕاوە و وەکو خۆی ماوەتەوە.

+ (هاشم سەراج) لە شیعری (دەق)دا ئەم جۆری لادانەی کردوە، ئەمەش بەمەبەستی پێدانی ئاوازێکی خۆش (ئاوازی ناوەوە) بەدەقەکەوە، وەک دەڵێت:

سارای چاو قەزوان چندەکی
نەورەسیدەی سەلارە
کراسی شاوەت بەلەشی
گەردووون دادەدا (سەراج، ٢٠٠٥ : ١٠٤)

هەریەکە لەوشەکانی (ڕەسیدەی، گەردووون) لەبنەڕەتدا لەڕوی دروستبونیەوە بەم شێوەیەیە:

رەسیدی ← (ە) زیادکراوە، گەردون ← (ووو) چونکە لەبنەڕەتدا لە دو (و) دروست بوە.

+ (نەژادی عەزیز سورمێ)ش لەشیعری (هەڵایسان)دا دەڵێت:

ئێمە یەکترمان خۆشدەوێ
تۆ ئەوە دەزانی منیش ئەوەندەیش بەسە (سورمێ، ٢٠٠٥: ١٣٤)

وشەی (ئەوەندەیش) لەبنەڕەتدا بەم شێوەیە (ئەوەندەش)ە، بەڵام شاعیر، پیتی بزوێنی (ی)ی زیادکردوە لەنێوان وشەکە و پیتی جەختکردنی (ش)، ئەمەش بەلادان دادەنرێت لەنوسینی وشەکە لەڕوی فەرهەنگیەوە.

+ (ڕەفیق سابیر) لە بەشێکی شیعری (شەوانی ئاخاوتن)دا، دەڵێت:

ئێمەیان لە نێوان گومان و باوەڕدا

دەهێنا و دەبرد.

ئێمە خۆمان بوین، خۆیشمان نەبوین.. (سابیر، ٢٠١٤ : ١٦٠)

شاعیر لێرەدا کاتێک لە ڕستەی کۆتاییدا، واژەی (خۆمان بوین- ئێمە خۆمان بون) بۆ جەختکردنەوە پیتی(ش) دەخاتە دوای جێناوی خۆیی (خۆ) و بۆ نەرێکردن ئامرازی نەرێی(نە) دەخاتە پێش کاری(بون)، ئەوا تائێرە حاڵەتەکان ئاساییین، بەڵام کاتێک لەنێوان جێناوی خۆیی (خۆ)و ئامرازی جەختکردەوە(ی ش)، دەنگی (ی) لەنێوانیاندا زیاد دەکات، بەمەش خستنەسەری دەنگ لە وشەکەدا دێتە بون، گەرنا دەکرا:

خۆ + ش + مان = خۆشمان نەبوین، کردویەتی بە خۆ + یـ + ش + مان = خۆیشمان نەبوین.

## چوار: جێگۆڕکێی دەنگ:

مەبەست لە جێگۆڕکێی دەنگ ئەوەیە، کە دەنگێک یان چەند دەنگێک لە پێکهاتەی وشەیەکدا شوێنی خۆیان دەگۆردرێت، کە (دەنگی برگەی یەکەم جێگەی خۆی لەگەڵ دەنگی برگەی دوەم دەگۆرێت یاخود بەپێچەوانەوە دەنگی برگەی دوەم جێگەی خۆی لەگەڵ برگەی یەکەم دەگۆرێ) (خۆشناو، ٢٠١٣: ١٠٢)

ئەم جێگۆڕکێیەش لەئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری دروست دەبن، لەوانە: لە نێوان دو زمان، یان دو زار، ئەوەی جێگای سەرنجە زۆرجار ئەم جێگۆڕکێیە لە گفوگۆ و زارەکیش بەدیدەکرێت، پەیوەندی بەچینی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیرییەوە هەیە.(بڕوانە: فەخری، ١٩٨٥: ٦٣)، بەڵام کاتێک لە نوسیندا بەگشتی و دەقی شیعری بەتایبەتی خۆی بەرجەستە دەکات، ئەوە مەبەستەکەی جیاوازە لە بابەتی گفتوگۆ، ئەویش بەخشینی ئاواز و نەوایەکی تایبەت و خۆشە بە شیعر و کێشکردنی گوێچکەی گوێگر و سەرنجی خوێنەری شیعرە، بۆیە گەر سەیری دەقەکانی ئەم قۆناغە بکەین، بەدەرنین لەم جۆری لادانەی دەنگییە، بەڵام بە بەراود بە جۆرەکانی تر (کرتاندن و جێگۆرکێ) کەمتر بەکارهاتوە، وەک:

+(نەجم ئەڵوەنی) لە بەشێکی شیعری (گەشتێک بەرە و نەمان)دا، دەڵێت:

ئای لەم ساتە سەر شێتانە

چەند بێ شەرم و..........

لەم تاریکییە تاڵەدا

دەمفرێنن، (ئەڵوەنی، ٢٠٠٩ : ١٠٢)

شاعیر لە واژەی کاری ڕانەبردوی (دەمفرێنن)دا، لادانی بەهۆی جێگۆڕکێی دەنگی کپی (ف) و دەنگی (ڕ)کردوە، بەم شێوەیە: دەمرفێنن- دەمفرێنن، لێرەدا (دە) نیشانەی ڕانەبردوە و (م) جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک، دواتر جێگۆڕکێی پیتی(ف) و پیتی(ڕ)، بەمەش لادان لە ئاستی دەنگی ڕویداوە.

+ هەروەها (ڕەفیق سابیر) لە بەشێکی شیعری (لە خۆرگیرانی کۆڵانەکەدا) دا، دەڵێت:

مانگێکی شکاو لەسەر ئاو دەکێشێت

بەڕوی شەپۆلێکی شلوێدا دەقیژێنێت: سابیر، ٢٠١٤ : ٢٣٧)

لە ڕستەی کۆتاییدا وشەی- ئاوەڵناوی (شێلو) کردوە بە (شلوێ)، بەم شێوەیە: شلوێدا = شێلودا، واتە وشەکە توشی لادان بوە بەهۆی جێگۆرکێی دەنگی بزاوتی (ێ) کە چۆتە بەشی کۆتایی وشەکە، کە خۆی لە بنەڕەتدا لە دوەم دەنگە، هەروەها شاعیر لە بەشێکی دیکەی شیعری (ژوانی ڕوناکی)دا، دەڵێت:

من بۆ لێرەم؟
بۆ (با) بەرۆکم بەرنادات؟
بەم بێوەختە تەرزە و ڕەهێڵە و تریشقە لەکوێوە دێن ؟ (سابیر، ٢٠١٤ : ٢٣٨)

شاعیر لە ڕستەی سێیەمدا وشەی (تەرزە)ی بەکارهێناوە، کە ئەمەش سەربە شێوەزاری ناوچەی سلێمانییە، کە لە شێوازی ناوچەی هەولێر (تەزرە)یە، بەمەش هەریەکە لە پیتی بێدەنگ/کپی(ز) و (ر) توشی جێگۆڕکێی بونە؛ تەرزە= تەزرە، جیگۆڕکێ بە پیتی بێدەنگ/کپی(ز) و (ر) کراوە.

+ (نەزەند بەگیخانی) لە بەشێکی شیعری (سەمفۆنیای ژیان) دا، دەڵێت:

من کۆنم،
کۆنترم لە سپیایەتی بەرف و
تەرای هەتاو... (بەگیخانی، ٢٠٠٤: ٨٠)

شاعیر لێرەدا جێگۆڕکێی بە دەنگی کپی (ر) بە دەنکی(ف) کردوە، بەم شێوە: بەفر = بەرف

- **ئەو شیعرانەی کە دەکرێت لە هەر ڕستەیکدا یان وشەیەک چەند لادانێکی تێدایێت**

ئەوەی جێگای سەرنج و هەڵوەستەیە؛ زۆرجار لە دەقێکی شیعریی، یان ڕستەیەکی شیعریی، تەنانەت هەندێکجار لە دەستەواژە یان وشەیەکی شیعرییش زیاتر لە جۆرێک لادانی دەنگی تێداکراوە، کە ئەمەش بەڵگەی سەلمێنراوی زرنگی و کارامەیی و شارەزایی شاعیرە؛ لە زمان و زانستی زمانەکەی خۆییدا، هە بەم شارەزاییەشەوە بەسود وەرگرتن لەم هونەرانەی لادانی دەنگی، بنیاتی ئاوازێکی خۆش و بەچێژ بۆخوێنەر و وەرگر ئەفرێنێت، وەک لەم چەند دەقە شیعرییانە زیاتر لە جۆرێک لادان بەدیدەکرێت:

(هیوا قادر) لە بەشێکی شیعری (مەحاڵ)دا، دەڵێت:

شەماڵێ دێ و تۆ نایەیت!
هەواڵێ دێ و تۆ نایەیت!
خونچەیەک ئەوەرێت
مەرگی تۆم بۆ دێنێت.
بارانێک دائەکات... لە ژێریا خۆم ئەشۆم،
تریفەی مانگە شەو...ئەڕژێتە سەر ڕێگام،
کزەیەک هەڵئەکا... پێم ئەڵێت بەرێوەی،
ڕەنگی تۆ لە ڕەنگی... ئاو ئەچێ
دەنگی تۆ لە دەنگی دڵ ئەچێ.
تاڵێکی پچڕاوی قژی خۆر
کەوتۆتە دەممەوە،
لاولاوی ئاگرێک بەقەدما ئالاوە.(قادر، ٩٩)

شاعیر بەمەبەستی پێدان و ئاواز و نەوایەکی خۆش بە بنیاتی ئاوازی دەقە شیعرییەکەی لەچەند ڕستەیەکدا لادانی دەنگی ئەنجامداوە، وەک؛ هەڵساوە بە کرتاندن لە هەریەک لە وشەی (شەماڵێ، هەواڵێ) لە ڕستەی یەکەم

و دوەم دا کە دەنگی کپی (ک) کرتاندوە، کە خۆی لە نیشانەی نەناسراوی (ێک) هاتوە؛ بەم شێوەی: (شەماڵێک، هەواڵێک)، بەڵام بەهۆی ئەوەی دەنگی بزوێنی (ێ) لە نیشانەکە ماوە، بۆیە کرتاندنی دەنگی (ک) نەبزوێن هیچ جۆرە لەنگییەکی واتایی دروستنەکردوە، هەریەک لە وشەی (دێ، دێ، هەڵئەکا، ئەچی، ئەچێ) دەنگی کپی(ت) کرتاندوە، کە خۆی لە بنەڕەتدا بەم جۆرەیە: (دێت، دێت، هەڵئەکات، ئەچێت، ئەچێت)، هەروەها لە وشەی (بەسەریا، بەقەدما) دەنگی (د) نەبزوێنی کرتاندوە، چونکە خۆی (بەسەریدا ـ بەقەدمدا)یە.

هەروەها شاعیر لەم دەقە شیعرییەدا لادانی بەهۆی دەنگگۆڕکێی ئەنجامداوە، وەک لە هەر یەک لە وشەکانی (ئەوەرێت، دائەکا، ئەشۆم، ئەڕژێتە، هەڵئەکا، ئەڵێت، ئەچی، ئەچێ)، هەڵساوە بە گۆڕینی دەنگی کپی (د) بۆ گۆڕینی دەنگی کپی(ئـ)، بەم شێوەیە: دەوەرێت، دادەکا، ئەشۆم، دەڕژێتە، هەڵدەکا، دەڵێت، دەچی، دەچێ)، کە ئەمەش زیاتر لە شێوەزاری سلێمانییدا باوە و بۆتە ئەدگاری شێوازی شێوەزارەکەش.

+ هەروەها (مەهاباد قەرەداغی) لە بەشێکی شیعری (هەور)دا، دەڵێت:

من نەمدەویست.
دێڕ کۆڕی شیوەن بۆ وشە بگێڕێ و
پیت پیت بکوژێ..
من ئاسمانێکم دەویست.. ئەستێرەی تیا ڕەهابێ
زەمینێکم دەویست.. باخچەی تیا ئازاد بێ
هەناسەی مێرولەیەکیش بناسێتەوە.(قەرەداغی، ٢٠١٣ : ٢٩٤)

لە هەریەک لە وشە و دەستەواژەکانی (بگێڕێ، بکوژێ، تیا ڕەهابێ، تیا ئازاد بێ)، جۆرێکی لادانی دەنگی بەیدەکرێت، ئەویش تێچونی دەنگە لە بەشی کۆتایی وشەکان، کە بنەڕەتەکەی لە جێناوی لکاوی (ێت) بۆ کەسی دوەمی تاک بۆ کاری داخوازی کە پێکهاتەکەی (ب+ ڕەگی کار+(جێناوە)، لە حاڵەتی ئەرێیدا، بۆیە (ت)ی (ێت)ەکەی تێدا کرتێندراوە، بەمەستی خۆشگۆتن و پێدانی ئاوازێکی بەچێژ و بەسۆز بەسەر تەواوی بنیاتی ئاوازی دەقەکە، کە لە بنەڕەتدا بەم شێوەن:

بگێڕێ = بگێڕێت
بکوژێ = بکوژێت
تیا ڕەهابێ = تیا ڕەهابێت
تیا ئازاد بێ= تیا ئازاد بێت.

سەرەڕای ئەوەی لە واژەکانی: (تیا ڕەهابێ، تیا ئازاد بێ)، لە کە وشەی (تیا) دوبارەبۆتەوە، ئەوە خۆی لە بنەڕەتدا (تێدا)، کە ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە وشەکە بە دوسەرە توشی لادانی دەنگی بوە ؛
تیا = تێدا، جارێک دەنگی کپی(د) کرتێندراوە و جارێکش دەنگی بزاوتی (ێ) گۆڕدراوە بۆ دەنگی بزاوتی (ی)، بۆیە شێوازی وشەکە شێوەیەی شێوازاری سلێمانی پێوەدیارە

+(فەرهاد پیربال) لە بەشێکی شیعری (بۆئەحمەدی مەلا) دا، دەڵێت:

| | |
|---|---|
| ڕۆژێکیان | ڕۆژێکیان ئەحمەدی مەلا |
| بۆ نوسینی شێعرێک | بۆ نوسینی شێعرکی خۆی |
| پێویستم بەمشتێ ڕەنگی شین هەبو | پێویستی بەمشتێ ئاواز هەبو |
| چومەلای ئەحمەدی مەلا | هات و داوای مشتێ ئاوازی لێم کرد،وتم: |
| داوای مشتێ ڕەنگی شینم لێی کرد، وتی: | بەداخەوە ئاوازم نەماوە |
| – بەداخەوە ڕەنگی شینم نەماوە | هانێ پارچەیەک هەستی بێ وڵاتی خۆمت بدەمێ |
| هانێ پارچەیەک خەیاڵت بدەمێ | بۆخۆت بیکەرە ئاواز! (پیربال، ٢٠١٣: ٢٣٠) |
| بۆخۆت بیکە بەڕەنگی شین ! | |

ئەوەی جێگای ڕامانە کە لە بەشی یەکەمی گفتۆییەکە، وشەی (بیکە) و لە بەشی دوەمی گفتۆییەکە: لە وشەی (بیکەرە) هاتون، کە لە هەردوکیان دەنگی (ی) خراوەتە نێوان (ب)ی نیشانەی کاری داخوازی و ڕەگی کارەکە، دەشێت لەبری جێناوی (تۆ) لە هەردو باری گفتۆگوکەدا ئەم زیادەیەی دروستکردبێت:

خەیاڵت = خەیاڵمت، وەک دەبینین دەنگی کپی (م) کرتێنراوە، کە لە بنەرەتدا جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک.

شێعرێک/ شیعرێک = شیعرێکی، وەک دەبینین و دەبیستین کە دەنگی بزاوتی (ی) بۆ دەنگی بزاوتی(ێ) گۆڕاوە.

+ (کەریم دەشتی) لە بەشێکی شیعری (نۆستالیگا)دا، دەڵێت:

کەڵەکێوی
ئەبارێ و نابارێ
ئەبینم یەکێ دێ و لە پەنا سوچێکا
زۆر بەتاسوقەوە چاوەڕوانیم ئەکا. (دەشتی، ٢٠٢١ : ١٠٣)

شاعیر لە هەردو وشەی سەرەتای دڕیەکی بەکارهێناوە، ئەویش بەهۆی نەرێکردنی کارەکە بەهۆی ئامرازی(نا)، هەروەها وشەی (ئەبارێ) لە چاوگی کاری (بارین) هاتوە، کاتێک دەکرێت بە ڕانەبردو، پێویستە (دە) بچێتە پێش ڕەگی کارەکە، بەڵام شاعیر دەنگی کپی(د) لە برگەی (دە) پێشگری کارەکە، بە دەنگی کپی(ئـ) گۆڕیوە، هەرچەندە شاعیر خۆی لەناوچەی هەولێرەو هەولێرییە، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە بە هۆی کاریگەری شێوەزاری سلێمانی ئەنجامداوە، لەمەش زیاتر، کۆتایی هەردو کارەکە(ئەبارێ و نابارێ) توشی لادانی دەنگی هاتون، بە هۆی کرتاندنی دەنگی کپی (ت)، چونکە بنەمای سەرەکی پێکهاتنیان بەم شێوەیە: (ئەبارێ و نابارێ)، بەمەش کرتاندن لە بەشی کۆتایی وشەکە لە جێناوی لکاوی (ێت) بۆ کەسی دوەمی تاک بۆ کاری ڕانەبردو، لە حاڵەتی نەرێدا (ت) کرتێندراوە، بە مەبەستی سانایی لە گۆکردن و پێدانی ئاوازێکی خۆش بە ڕەوتی بنیاتی ئاوازی دەقەکە، بەڵام ئەمە نەبۆتەهۆی لادانی واتایی.

## ئەنجـــــــــام:

١/ ئاوازی ناوەوە بەشێکی سەرەکی و ڕەگەزێکی گرنگە لە پێکهاتەی هەر دەقێکدا، کە شیعرییەتی تێدابێت، ئاوازی ناوەوەش قاڵبێکی دیاریکراو و ئامادەی نییە، بەڵکو پەیوەستە بە دەرون؛ (هەڵچونەکان و سۆزەکان)ی تاک، کە بەپێی کات و حاڵەت و شوێندا دەگۆڕێت، لە دەقی شیعریشدا بەهۆی (دوبارەکردنەوەی دەنگ و بڕگە و وشە.. و لە هەردوئاستی: ستونی و ئاسۆییدا) و (لادانی دەنگی)، (ڕەگەزدۆزی) و (دژیەک)، دروست دەبێت بەرجەستەبێت.

٢/ ئەگەرچی ئاوازی ناوەوەی شیعریی ڕاستەوخۆ بە دڵ و دەرون و ویژدان گرێدراوە، بەڵام لە شیعری شاعیرانی دوای ڕاپەڕین، بەبەراورد بە قۆناغەکانی تری شیعریی کوردی بەشێوەیەکی بەربڵاوتر بەدیدەکرێت، ئەویش بەهۆی:

أ. وەلانان و پشتگوێخستنی (ئاوازی دەرەوە: کێش و سەروا)ی، بۆیە ڕۆڵی ئەویشی بۆ خۆی بردوە، وایکرد شاعیران بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە زیاتر بایەخ بە ئاوازی ناوەوەی شیعر بدەن.

ب. کاریگەری ڕێبازە نوێیەکانی ئەدەب: (سوریالی و دادای)، لەسەر شاعیرانی کوردی ئەم قۆناغە کە هەندێکییان ڕاستەوخۆ سودیان لێیدەبینی، چونکە دانیشتوی تاراوگەبون، بۆیە کاتێک گەڕانەوە کوردستان، ڕەنگدانەوەیان بەسەر ڕەوتی شیعری کوردی هەبو.

ت. وەک چۆن جیهان بەرە و کرانەوە چو و کلتورەکان دەرگایان بۆیەکتر خستەسەرپشت و تێکەڵبون، بۆیە بە ئاوێتەبونی ژانرە ئەدەبییەکانیش فۆرمێکی نوێی شیعریی: (پەخشانە شیعر) دەرکەوت، کە بەهۆی (ئاوازی ناوەوە) توانی پارێزگاری لە شیعرییەتی قۆناغەکە–سەردەمەکە بکات.

پ- بەهۆی ڕاپەڕینەوە جۆرە ئازادییەک بەدیهات و بەشێکی زۆر لە کۆت و بەندەکان شکێنران، ئەمەش بوە مایەی گەشبینی و ئاسودەیی و دەرونێکی تاڕادەیەک ئارام لای تاکی کورد، هەر ئەمەش وایکرد شاعیران داوای ئازادی لە کۆت یاساکانی شیعر بکەن و شیعر بە ئازادی و دور لە قاڵبێکی دیاریکراو بنوسرێت، لەلایەکی تر ئەمە زۆری نەخایاند، بەهۆی شەڕی نەگریسی ناوەخۆ/براکوژی، جارێکی تر دەرونی تاکەکانی کورد تژی بون لە ڕەشبینی، بێئومێدی و نامۆیی... شاعیرانیش بە شیعرەکانییان گوزارشتیان لەم بارودۆخە دەرونییە دەکرد، کە دەشێت لە ڕێگەی ئاوازە و ئاوازی ناوەوەی شیعرەکان هەستی پێبکرێت.

ج- شاعیرانی ئەم قۆناغە چەندین شێوازییان بۆ بەرجەستەکردنی ئاوازی ناوەوە بەکارهێناوە، لەوانەش: (لادانی دەنگی)یە، ئەوێش بە ڕوانین و وردبونە لە دەقەکان بە شێوەی ڕیزبەندی پلەیەک زیاتر بایەخ بە: کرتاندنی دەنگ و دواتر؛ جێگۆڕکێی دەنگ و پاشانیش؛ دەنگگۆڕکێ و دواترینینیشیان خستنەسەری دەنگە.

ح- کاتێک لادانە دەنگییەکان بەیەکەوە دێن، ئاواز و ئیستاتیکای ئاوازیی و شیعرییەتی زیاتر بەدەقەکە دەبەخشن.

# Internal Rhythm of Poetry from Perspective of (Sound Deviation) in the Cotemporary Kurdish Poetry in the (South of Kurdistan- Middle Dialect- Post-Uprising1991-2003

**Kamaran Ababakr Khudhur**

Kurdish Department, College of Education- Shaqlawa, Salahaddin University, Erbil Kurdistan Region, Iraq.

**E-mail:** kamaran.khudhur@su.edu.krd

**Abstract:**

internal rhythm is considered as a fundamental principle in poetry in general and prose poetry in particular. Therefore، no poem is void of internal rhythm which encompasses sound and its components and consistent with other levels of Language because the most important features of text are (sound) and each sound represents particular rhythm. Thus، causes differences. Internal rhythm does not have specific form but it is rather related to the emotions and inner state of individual which varies according to time and place. Therefore، the critics and stylists' resort to different elements to determine the internal rhythm of the poetry among them sound words and phrases.

Types and places of occurrence at both horizontal and vertical level، other arts such as metaphor، paradox and its forms. In addition to (sound deviations) such as clipping، replacing and adding all these have significant role in creating internal rhythm. Internal rhythm went through a lot of changes before Uprising which was restricted and less free.

Due to Uprising، a kind of freedom was achieved which brought about optimism and happiness on the part of Kurdish people. This was an incentive for the poets to ask for the change of the form and content of poetry and break traditional rules in writing poetry. However، this did not last long because sectarian violence occurred in Kurdistan and the poet's adopted pessimism and despair in their writings. They tried to express this emotion through internal rhythm.

**Keywords**: Internal Rhythm, Sound Deviation, Clipping، Replacing، Adding.

## سەرچاوەکان:


ئەبوبەکر، هەڤاڵ، ٢٠١٠، پێگەی شیعری ڕۆمانتیکی لە شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد،٢٠٠٦، دەق لەنیوان ژانرە ئەدەبییەکاندا- ئەزمونی خوێندنەوی چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، چاپی یەکەم، چاپخانە و دەزگای سەردەم، سلێمانی.

بابان، د. شێرکۆ، ٢٠٠٥، دەنگسازی و برگەسازی لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

بەکر، د. محەمەد، ٢٠٠٤،پەخشانە شیعری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

پیربال، فەرهاڵ، ٢٠٠٥، شیعری نوێی کوردی- ڕەگوریشەکان ١٨٩٨-١٩٥٨، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای کوردستان، هەولێر.

حەسەن، شادمان قادر، ٢٠٠١، بزوتنەوەی ڕوانگە و شیعری نوێی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

حەسەن، محەمەد قەریق، ٢٠١٢، سلێمانی و جەنگی کەنداو، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

حەسەنی، یاسرێ، ٢٠٠٧، بنیاتێ ڕیتمی د شعرا نویا کوردی دا ـ دەڤەرا بەهدینان ١٩٧٠-١٩٩١، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

حسێن، یاسرسالار کەریم، ٢٠٢١، نوسینی ئۆتۆماتیکی لە شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

خۆشناو، هێمن عومەر، ٢٠١٠، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

خۆشناو، د. نەریمان عەبدوڵلا، ٢٠١٣، دەنگسازی، چاپی.یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

ڕۆژبەیانی، زاهیر،٢٠٠٨، شیعرییەت لە دەرەوەی شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

ڕەنجدەر، سەباح، ٢٠١٩، چوارکتێب لە بارەی شیعرەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری، هەولێر.

سلێمان، شەمێران، ٢٠١١، ڕوبەڕو لەگەڵ لەتیف هەڵمەتدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر

شێخ، عەبدلقەهاری، ٢٠٠١، ئەزمونەکانی شیعری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاک، هەولێر.

عەبدوڵلا، عەبدولموتەڵیب، ٢٠١٩، شیعری نوێی کوردی دوای ڕاپەڕین، چاپی یەکەم، چاپخانەی و. ڕۆشەنبیری ـ هەولێر.

عەلی، د. دڵشاد، ١٩٩٨، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی .

فەتاح، د.محەمەد مەعروف، ٢٠١٠، لێکۆڵینەوە زمانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات. هەولێر.

فەتاح، د محەمەد مەعروف، ٢٠١١، زمانەوانی. چاپی سێیەم، چاپخانەیحاجی هاشم: هەولێر.

کانەبی، دلێر سادق، ٢٠٠٩، هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد. چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک .

کۆدۆ، محەمەد، ٢٠٠٦، گەڕان بەدوای شیعرو جیاوازییدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری لقی سلێمانی.

مام جەلال، ٢٠١٧، دیداری تەمەن، ئامادةکردني ستەلاح ڕشید، بەرگی ١، چاپی یەکەم، چاپخانەی..؟؟، سلێمانی.

مەلا، د. ئەحمەدی،٢٠١٩، شیعری دوای ڕاپەڕین، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.محەمەد، عبدالقادر حمدامين ، ٢٠٠٨ : بنیاتی کارنامەیی لە دەقی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلیمانی.

مستەفا، ئاسۆ عومەر، ٢٠٠٩، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

مستەفا، ئاراس عەبدەلڕەحمان،٢٠١٤، ڕاپەڕینی ١٩٩١، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات. هەولێر.

هالۆ، دیار عبدالکریم سەعید، ٢٠١١، یاسایێن دەنگی دکوردیا ژۆریدا (گۆڤارا بەهدینان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی،دهۆک.

ئاوارە، موحسین، ٢٠١٤، کارێزە مەرجان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

ئەرخەوان، ٢٠٠٤، چاوە تاوسییەکانی عەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی قانع، سلێمانی.

ئەڵوەنی، نەجم، ٢٠٠٩، یاخیبون لە مەرگ، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
بەگیخانی، نەزەند، ٢٠٠٤، ستایش، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
پیربال، فەرهاد، ٢٠١٣، سەرجەم بەرهەمە شیعرییەکان، چاپی چوارەم، چاپ و بڵاوکراوەی غەزەلنوس، سلێمانی.
حەسەن، چنار نامق، ٢٠٠٤، شیعری چنار نامق حەسەن، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
خدر، کەژاڵ ئیبراهیم، ٢٠١٥، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانە نییە؟؟ ، سلێمانی.
دزەیی، سامان، ١٩٩٩، کاتێ قامیش بە ئاگاهات بو بوە بلوێر، چاپی یەکەم، چاپخانە و ئۆفیستی هەولێر، هەولێر.
دەشتی، کەریم، ٢٠٢١، کازێوەی سپی شیعر کۆ بەرهەم، بەرگی یەکەم، چاپی سێیەم، هەولێر
ڕەنجدەر، سەباح، ٢٠١٨، دیوانی سەباح ڕەنجدەر، بەرگی یەکەم،چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران.
زامدار، فەرید، ٢٠٠٧، شەری وشەکان نیو نوقتە لەژێر نیودا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
سابیر، ڕەفیق، ٢٠١٤، دیوانی ڕەفیق سابیر، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران.
سوبحی، ئازاد، ٢٠١٥، ئاگرەکەم مەسڕنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی.
سورمێ، نەژاد عەزیز، ٢٠٠٥، تاڤگەی مەند و ئەوانی تر، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
سەڕاج، هاشم، ٢٠٠٥، زینانی ڕۆح، چاپی یەکەم، چاپخانە و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
شارباژێڕی، جەمال، ٢٠١٣، کۆ شیعری جەمال شارباژێڕی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
عەلی، بەختیار، ٢٠١٩، تا ماتەمی گوڵ... تا خوێنی فریشتە، چاپی چوارەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
غەمبار، جەمال،٢٠١٠، دیوانی جەمال غەمبار، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
قادر ، هیوا، ٢٠١٢، دیوانی هیوا قادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاووڵاتی، سلێمانی.
قەرەداغی، مەهاباد، ٢٠١٣، دیوانی مەهاباد قەرەداغی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
کوردۆ، مەحەمەد، ٢٠٠٥، ژنێک دەمرێ و پیاوێک بە چراوە نایە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
هەولێری، تارا، ٢٠٠٤، فرمێسکە شاراوەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
ابوالعدوس، یوسف، ٢٠١٦، الاسلوبیه الرؤیه والتطبیق. طبعة الرابع دار المسیر للطباعة والنشر، عمان،الاردن.
ادونیس،١٩٨٧، زمن شعر، طبعة الثانی،، طبعة دار العوده، عمان، بیروت،
اسماعیل ، عزالدین، ١٩٧٤، الاسس جمالیه فی النقد العربی - عرچ وتفسیر و مقارنه، طبعة الثالث،، دار الفکر العربی، بغداد.
الجنابی ، احمد نصیف، بدون تاریخ، فی الرؤیا الشعریة المعاصرة، دارالعریة، بغداد.
الجنابی، جمال خضیر، ٢٠٠٣، مقالات فی الشعر الکردی المعاصر، طبعة الاول، دار الثقافة والنشر الکردیه، بغداد.
الملائکة، نازک، ٢٠٠٧، قضایا الشعر المعاصر، طبعة الرابعة عشرة، دار العلم للملایین، لبنان.
حبیب، پروین ،١٩٩٩، تقنیات التعبیر فی شعر نزار قباني، طبعة الاول، مطبعة الجامعة الاردنیه، عمان، بیروت.
درویش، د. محمد طاهر، ١٩٧٩، فی نقد الادبی عند العرب، طبعة الاولی، مطابع سجل العرب، القاهره.
رحمانی، احمد، ٢٠٠٤، الرؤیا والتشکیل فی الادب المعاصر، طبعة الاول، مکتبه وهبه للگباعه و النشر،بغداد.
کورک، جاکوب، ١٩٨٩، اللغة فی الادب الحدیث : الحداثة والتجریب، ت: لیون یوسف و عزیز عمانویل، طبعة الاول، دار المامون الترجمة و النشر.
ناظم، حسن، ١٩٩٤، مناهیج الشعریة، طبعة الاول، مرکز الثقافی العربی.
یافی، نحیم، ١٩٩٣، وهاج حداثة طبعة الاول، الاتحاد الکتاب العرب، دمشق.

ئەحمەد، كەژاڵ حەمەئەمین، ٢٠١٠، بنیاتی هونەری لە شیعرەكانی (فەیدون عوبدول بەرزنجی) نامەی ماستەر ـ فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەكان، سكوڵی زمان، بەشی زمانی كوردی، زانكۆی سلێمانی .

حەمە ئەمین، باخان ئەحمەد، ٢٠١٤، شیعری چیرۆک ئامێز لە ئەدەبی كوردیدا (بە كەرەستەی كرمانجیی خوارو) ساڵانی ١٩٩٠–٢٠٠٠، نامەی ماستەر، فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەكان، سكوڵی زمان، بەشی زمانی كوردی، زانكۆی سلێمانی.

عەبدولڕەحیم، عوسمان كەریم،٢٠١٤، وشەی زمانی كوردی و ڕێگاكانی دەوڵەمەندكردنی، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی، فاكەڵتی زانستەمۆڤایەتییەكان، سكوڵی زمان، سلێمانی.

عەلی، طالب حسێن، ١٩٨٩، فۆنۆلۆجیای كوردی و دیاردەی ئاسانبونی فۆنیمەكان لە زاری سلێمانیدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی ئاداب – زانكۆی سەلاحەددین.

فەرەج، دولبەر ئیبراهیم شاڵی، ٢٠٠٠، یاسا دەنگییەكانی زمانی كوری، نامەی ماستەر، كۆلیژی زمان، زانكۆی سلێمانی .

علی، طاهر مصطفی، ٢٠٠٥، شعرية الاسلوبية الرؤيوية فی خطاب محمود البريكان، رسالة دكتورا، كلية اللغات، جامعة صلاح الين، اربيل.

فتح الله، شاهۆ سەعید، ١٩٩٩، دلالات البناء الايقاعی فی الشعر، دراسه مقارنة فی الادب العربي والفارسي والكردي، رسالة ماجستر– كلية اللغات جامعة سليمانية.

فەخری، نەسرین، ١٩٨٥، لێكۆڵینەوەیک دەربارەی جێكۆڕكێ و هەڵكێڕانەوە و گۆڕینی شوێنی دەنگ لە زمانی كوردیدا: گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق– دەستەی كوردی، بەرگی ١٣، بەغداد.

تۆفیق و حسێن، د.قەیس كاكل، م.هێرش چەتۆ، بەهاری ٢٠٢١، لادانی زمانی لە نوكتەی كوردیدا نوكتەكانی " نوكتەی شاخ " بەنمونە: گۆڤاری توێژەر، ژمارا ١،بەرگی ٤، زانكۆی سۆران.

ڕۆوف، لوقمان، ٢٠٠٨ –كانونی دوەم،، پەخشانە شیعر، گۆڤاری ئاییندە، ژمارە ٧٦، چاپی یەكەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

عەبدوڵڵا، حەیدەر، هاوینی ٢٠١٢، شیعری كوردی و ورێنەیەک، گۆڤای ٢٣ی ئەدەبی هزری ڕەخنەیی، ژمارە:٨، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

قزلجی، حەسەن، ١٩٧٨، گۆڕان و سوان و جێگۆڕكێی دەنگ، گۆڤاری نوسەری كورد، بەرگی شەشەم، بەغداد.